Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)
TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.29.1.10

# ئۆتیزم و تێکچوونی زمان لە ئاستەکانی زماندا و چارەسەکردنی ئۆتیزم

**بەشدار سلێمان عەبدولمەناف** /بەشی زمانی کوردی، فاکلتی پەروەردەی ، زانکۆی کۆیە
**شادان شوکر سابیر**/ بەشی زمانی کوردی، فاکلتی پەروەردەی ، زانکۆی کۆیە

OPEN ACCESS

*Corresponding author
Bazhdar Sleman Abdulmanaf
bazhdar.sulaiman@koyauniversity.org

RECEIVED :17 /07/2024
ACCEPTED :07/10/ 2024
PUBLISHED : 15/02/ 2025

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (ئۆتیزم و تێکچوونی زمان لە ئاستەکانی زماندا و چارەسەرکردنی ئۆتیزم)یە، هۆی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەم نەخۆشییە لە جیهان بڵاوە و ڕێژەی توشبووان تا دێت لە هەڵکشان دایە، بۆیە پێوستە تا دەکرێت گرنگی پێ بدرێت و توێژینەوەی لەبارەیەوە بکرێت. هەروەها ئەم نەخۆشییە یەکێکە لەو نەخوشییانەی کە بە ئاشکرا کاریگەریی نەرێنی لەسەر زمان هەیە. یەکێک لە نیشانە دیارەکانی ئەم نەخۆشییە بریتییە لە قسەنەکردن یان تێکچوونی زمان، بەپێی ڕێژە و جۆری ئۆتیزمەکە

ئێمە دەمانەوێت لەڕێگای ئەم توێژینەوەیەوە، ئەم بابەتە بخەینەڕو و تێکچوونی زمان لە ئاستە جیاجیاکانی زمان دەستنیشان بکەین، ئەم توێژینەوەیە بەپێی ڕێبازی وەسفی شیکاری و پشتبەستوو بە هێنانەوە و شیکردنەوەی چەندین نمونە، هەوڵی دەستنیشانکردن و خستنەڕوی ئەم بابەتەی داوە .

گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بریتین لە: بەپێی ئەم توێژینەوەیە، ئەگەر جۆری ئۆتیزمەکە توند نەبێت، ئەو کاتە کەسی توشبوو هەندێک دەنگ و وشەی نامۆ دەردەبڕێت، کە هەندێک جار لە واتاکانیان تێ ناگەین، واتە زمانی تێکدەچێت و ئەو دەربڕینانەی کە دەریدەبڕێت لەدەربڕینی کەسانی ئاسایی ناچێت، بەڵام ئەگەر جۆری ئۆتیزمەکە توند بێت، ئەوا کەسی توشبوو بەهیچ شێوەیەک ناتوانێت قسە بکات، بەڵکو زیاتر پشت بە زمانی ئاماژە و جەستە دەبەستێت بۆ جێبەجێکردنی داواکارییەکانی. هەروەها توشبووانی ئۆتیزم تێکچوونی زمانییان، تەنها لەیەک ئاستی زمان نییە، بەڵکو بەپێی جۆر و ڕێژەی توشبوون، تێکچوونی زمانییان لە هەموو ئاستەکانی زمان ڕوودەدات.

**وشە سەرەکییەکان:**
ئۆتیزم،
نیشانەکانی ئۆتیزم،
جۆرەکانی ئۆتیزم،
نارێکی زمان،
نارێکی زمان لە ئاستی
جیاوازی زمان.

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## پێشەکی :

### ناونیشانی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (ئۆتیزم و تێکچوونی زمان لە ئاستەکانی زماندا و چارەسەرکردنی ئۆتیزم)ە، **لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانیی دەمارییە، زمانەوانی دەروونییە.**

### هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:

هۆی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە، لەلایەک بۆ گرنگی بابەتەکە دەگەڕێتەوە، ئێستا لە زیادبووندایە بەتایبەتی لای منداڵان، بۆیە تا گرنگی پێبدرێت و توێژینەوەی لەسەر بکرێت هێشتا کەمە، لەلایەکی ترەوە تاکو ئێستا ئەم بابەتە لەڕوی تێکچوونی زمانیی لە سەرجەم ئاستەکانی زماندا بەوردی باس نەکراوە، کە ئەم نەخۆشییە بە هەموو جۆرەکانییەوە کەم تا زۆر کاریگەری نەرێنی لەسەر تێکچوونی زمان لە هەموو ئاستەکاندا هەیە، بۆیە ویستمان ئەو تێکچوونانە لە زمان بەگشتی و لە ئاستەکانی زماندا بەتایبەتی ڕونبکەینەوە.

### ڕێبازی توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی (وەسفی شیکاریی بایۆلۆژی) پەیڕەو کراوە، واتە بەپێی ئەم ڕێبازە لێکدانەوە و شیکردنەوە بۆ بابەتەکە کراوە.

### ئامانج و گرنگی توێژنەوەکە:

ئامانجی توێژینەوەکە ئەوەیە، کە تێکچوونی زمان لای منداڵانی ئۆتیزم بخاتەڕو، بەپێی ئاستەکانی زمان، لەپاڵ خستنەڕوی هۆکارەکانی توشبوون و هەوڵەکانی چارەسەکردن لەلایەن پزیشک و پسپۆڕی زمانی و دەرونی و کۆمەڵایەتییەوە، چونکە ئەم نەخۆشییە باتێکی تێکچڕژاوی نێوان زمانەوانیی کۆمەڵایەتی و زمانەوانیی دەماری و زمانەوانیی دەرونییە.

### گیروگرفتی توێژینەوەکە:

نەبوونی سەنتەرێکی تایبەت بە ئۆتیزم لە ناوچەی توێژینەوەکە. هەروەها لاوازی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی منداڵی ئۆتیزم و ئارەزوونەکردن بە نزیکبوونەوە لێیان، گرفت بوو بۆ وەرگرتن و تۆمارکردنی گوتنەکانیان بۆ توێژینەوەکە.

### پرسیاری توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بداتەوە:

- ئایا ئۆتیزم کاریگەریی لەسەر تێکچوونی زمان لە هەموو ئاستەکانی زمان هەیە؟
- ئایا کام ئاستی زمان زیاتر تێکچوونی زمانی تێدا ڕوودەدات؟
- ئایا ئۆتیزم چارەسەری هەیە؟

### ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی و دوو بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە.

**لە بەشی یەکەمدا** ئەم بابەتانەمان خستوتەڕو (نەخۆشییەکانی زمان، هۆکارەکانی نەخۆشییەکانی زمان، چەمک و واتای ئۆتیزم، پێناسەی ئۆتیزم و مێژوی سەرهەڵدانی، هۆکارەکانی توشبوون بە ئۆتیزم، نیشانەکانی ئۆتیزم، قۆناغەکانی دەستنیشانکردنی ئۆتیزم، جۆرەکانی ئۆتیزم).

**لە بەشی دووەمدا** (تێکچوونی زمانیی، تێکچوون لەسەر ئاستی دەنگسازی، تێکچوون لە ئاستی ڕێزماندا لە، تێکچوون لەئاستی واتاسازی، چارەسەرکردنی ئۆتیزم) خراوەتەڕو. لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان خراوەتەڕو.

## 1- نەخۆشییەکانی زمان:

### 1- 1- نەخۆشییەکانی زمان:

نەخۆشییەکانی زمان؛ بریتین لەو نەخۆشییانەی کە دەبنە هۆی کەموکوڕی لە کاتی دەربڕین، یان پەککەوتنی تەواوی زمان. واتە ئەو نەخۆشییانە دەگرێتەوە، کە دەبنە لەمپەر لە بەردەم کردەی دەربڕین و ئاخاوتن لەنێوان مرۆڤەکاندا، وەک نەخۆشی (ئەفازیا، ئەنۆمیا، ئۆتیزم، ...هتد)، واتە بەهۆی ئەم نەخۆشیانەوە دەنگەکان بەشێوەیەکی گونجاو و ڕێکخراو نایەنە گۆکردن و دەربڕین، نابنە هۆی دروستبوونی پەیوەندی لەنێوان مرۆڤەکان.

### 1-2- هۆکارەکانی نەخۆشییەکانی زمان:

نەخۆشییەکانی زمان بەهۆی چەند هۆکارێکەوە دەبێت، لەوانە:

یەکەم: هۆکاری نائەندامیی: ئەو هۆکارانە دەگرێتەوە، کە پەیوەندییان بە ئەندامەکانی ئاخاوتنەوە نییە، بەڵکو پەیوەندییان بەم لایەنانەی خوارەوە هەیە:

1. دەروونیی: (لاوازی و بڕوا بەخۆنەبوون، شکاندنەوەی منداڵ، ترس و دڵەڕاوکێ، ...).
2. کۆمەڵایەتیی: (لێکترازانی خێزان، گۆشەگیری و دابڕان لە دەوروبەر، ...).
3. ژینگەیی: (نەبوونی ژینگەیەکی گونجاو و لەبار بۆ فێربوون و فێرکردن، ...)، (فەهمی، 1975: 112).

دووەم: هۆکاری ئەندامیی: ئەو هۆکارانە دەگرێتەوە، کە پەیوەندیان بە ئەندامەکانی ئاخاوتن و ئەندامەکانی بیستنەوە هەیە، چونکە مرۆڤ ئەگەر نەبیستێ ناتوانێت قسە بکات، جا ناتەواوی لەو ئەندامانە، بەهۆی زگماکی یان نازگماکی بێت، دەبێتە هۆی توشبوون بە نەخۆشی زمانی، واتە کەموڕی لەو ئەندامانەی کە پەیوەندیان بە فێربوون و گەشەسەندنی زمانەوە هەیە، لەوانە: (ناتەواوی پەردەی گوێ، دروستنەبوونی گوێی دەرەوە، بەیەکەوەنوسانی تونێڵی ئۆستاکی، تەمبەڵی دەمارەکانی بیستن بەسروشتی، بوونی کونی مەلاشو، لێوشەق بوون، ناتەواوی شەویلگە، کێشەی مێشک، ...)، دەبێتە هۆی ناتەواوی لە گوتن (سهیل، 2015: 56). نەخۆشییەکانی زمان زۆرن، وەک: (ئەفازیا، ئەنۆمیا، نارەوانی تولەعسوم، ئۆتیزم، ...هتد)، ئێمە لەم توێژینەوەیەدا تەنها سەرنج دەخەینە سەر ئۆتیزم.

### 1-3- چەمک و واتای ئۆتیزم (التوحيد، Autism):

چەمکی ئۆتیزم بۆ وشەی یۆنانی "Autose" دەگەڕێتەوە، بەواتای خود یان من دێت، کە ئاماژەیە بۆ گۆشەگیریی، هەروەها توێژەران بۆ وشەی (Autism) لەکاتی وەرگێڕان بۆ زمانی تر، زۆر لێکدانەوەی تریان کردووە ، ئەمە بەهۆی زۆری ڕای جیاوازی توێژەرانەوە بووە، لەوانە بە ئۆتیزم ناویان بردووە، یان لە عەرەبی (التوحد)، یان خود تەنهایی (الذاتوية) یان گرنگیدان بە خود، یان بیرکردنەوە لە خوود (الاجترارية) و چەند واتایەکی تر، بەڵام بڵاوترین چەمک، کە زور بەکاردێت ئۆتیزمە، چونکە خەڵک زیاتر پێی ئاشنایە و لێی تێدەگات و زیاتر لەلای پزیشکان و پسپۆڕان و باوکان و دایکان و ئەو لایەنانەی پەیوەستن بەو بابەتەوە بەکاردێت (محەمەد، 2024: 51).

ئۆتیزم لە ڕوی پێکهاتەی چەمکییەوە، ئەگەر وەک چەمکە بنەڕەتەکەی خۆی وەربیگرین، کە ((Autismە، دەبینین لە ڕوی فۆرمەوە لە شەش پیت پێکدێت، کە هەریەکەیان هەڵگری واتایەکی بنەڕەتی خۆیەتی، لە کۆی واتای هەر شەش پیتەکە واتای وشەی ئۆتیزم پێکدێت، بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

یەکەم (A): لە وشەی (Always) وەرگیراوە، کە بە واتای هەمیشە واتە بەردەوام، بێوچان دێت.

دووەم (U): لە وشەی Unique)) وەرگیراوە، بە واتای تاقانە، بێ هاوتا دێت.

سێیەم (T): لە وشەی (Totally) وەرگیراوە، بە واتای سەرتاسەری و بەتەواوی دێت.

چوارەم (I): لە وشەی (Interesting) وەرگیراوە، بە واتای ئەنتیکە، یان سەرنجراکێش، سەیر دێت.

پێنجەم (S): لە وشەی (Some times) وەرگیراوە، بە واتای جاربەجار یان هەندێکجار، ناوبەناو دێت.

شەشەم (M): لە وشەی (Mysterious) وەرگیراوە، بە واتای نادیار، لێڵ، شاراوە، ئاڵۆز دێت (حەمەد، 2015: 130).

### 1-4- پێناسەی ئۆتیزم و مێژووی سەرهەڵدانی:

ئۆتیزم بۆ یەکەمجار لە ساڵی (1943) لەلایەن پزیشکی دەروونی ئەمریکی (لیۆ کانەر/ leo Kanner)ەوە دەستنیشانکرا، دواتر پزیشکی منداڵانی نەمسایی (ئاسپێرجەر/ Asperger) لە ساڵی (1944) چەند نیشانەیەکی ئۆتیزمی دیاریکرد (ziad Al- Adwan and Ali, 2019: 48).

ئۆتیزم جۆرێکە لە شڵەژانەکانی گەشە بە شێوەیەکی گشتی، کە لە سێ ساڵی یەکەمی تەمەنی منداڵ بە دیاردەکەوێت و بەوە دەستنیشاندەکرێت، کە ((بریتییە لە دواکەوتنی فەرمانەکان لە سێ بابەتی سەرەکیدا (تێکەڵاوی کۆمەڵایەتی، پەیوەندیکردنی زمانی لەگەڵ یەکتری و زۆر دوبارەکردنەوەی ڕەفتارە نەخوازراوەکان) و هەندێک لە منداڵەکان بەدەست ئاستەنگی (نوستن، خواردن، ڕەفتاری توندوتیژی و فرەجوڵەیی) دەناڵێنن، ئەم شڵەژاویە لەلای کوڕان سێ بۆ چوار جارە وە لەلای کچان زیاترە، شڵەژانێکی ڕونە لە گەشەی کۆمەڵایەتی و زمانەوانی))، (محەمەد، 2024: 18). کۆمەڵەی ئەمریکی بۆ ئۆتیزم (١٩٩٩) بەم شێوەیە پێناسەی ئۆتیزم دەکات: ((بریتییە لە تێکچوونی گەشەی مێشک))، (حەمەد و قادر، 2013: 619)، کە کار دەکاتە سەر کار و فەرمان و چالاکییەکانی مێشک، بەهۆی تێکچوونی دەمارەخانەکانەوە، کاریگەری دەخاتە سەر ئەرکەکانی دەماغ و دەبێتە هۆی لاوازی پەیوەندیی زمانی و نازمانی و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و وەستان لەسەر یەک ڕێچکەی خەیاڵ (شەکشەک، 2010: 127)، یەکێکە لەو دیاردە خراپ و تێکچوونانەی، کە زۆرترین قسە هەڵدەگرێت. لە هەمو جۆرەکانی تری نەخۆشییەکانی گوتن زیاتر بڵاوە و چارەسەری تووشبوانیشی زۆر گرانە، چونکە بەتەواوی منداڵەکە لە کۆمەڵگا و خێزان و دەوروبەرەکەشی دادەبڕێنێت. منداڵ لە گەشەکردنیدا ڕادەی ژیری و هەمو پەیوەندییە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆکان لەگەڵ دەروبەر و گەشەی فێربوون و گەشەی کۆمەڵایەتی و درککردن و گوتنی دوادەخات (Hodges, Fealko and Neelkamal, 2019: 55).

لە (١٠) ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی بۆ پۆلکردنی تێکچوونی (ئەقڵی و ڕەفتاری) لەساڵی (١٩٩١) بەناوی تێکچوونە باوەکانی گەشە بڵاویکردەوە، وا پێناسەی ئۆتیزمی کردووە، کە بریتییە لە شڵەژان و تێکچوونی ڕەفتاری منداڵ. منداڵی ئۆتیزم بەوە جیادەکرێتەوە، کە بە ناتەواوی لە توانای گەشەکردن و تێکەڵبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە هەموو شێوازەکانی پەیوەندییکردندا دورەپەرێزە و بەردەوام گرنگی بە ڕەفتارێک، یان چالاکییەک، یان چەند شتێکی تایبەت دەدات و چەندین جار دوبارەی دەکاتەوە (ابو السعود، 2007: 13). لەڕوی زمانەوە توانای قسەکردنی زۆر لاوازە و بەپێی جۆرەکانی ئۆتیزم ڕێژەی تێکچوونی زمانەکەی دەگۆڕێت و کار لە گوتنی دەکات، چونکە لە هەندێک جۆری ئۆتیزمدا تەنها کار لە فۆرمی وشەکان دەکات بەهۆی تێکچوونی زنجیرە دەنگەکانی فۆرمی وشەیەک بە ئاڵوگۆڕکردنی دەنگەکان لەگەڵ یەکتریدا، یان کرتان و لەناوچوونی هەندێک لە دەنگەکان، کە لە درکاندندا قورسن، بۆ نمونە دەنگی (ق) و دەنگی (ڕ)، کە تا تەمەنی (٣- ٤)ساڵیش تەنانەت لەلای منداڵی ئاساییشدا گوتن و درکاندنیان قورسە (غانم، 2006: 23). هەندێک جار لە درکاندنی دەنگدا کێشەی نییە، بەڵام لە ڕێکخستنی کەرەستەکانی ڕستە و ڕێکخستنی یاسا ڕێزمانییەکاندا کێشەی زۆر زۆری هەیە، چونکە جێناوەکان ئاڵوگۆڕدەکات و ناتوانێت ڕستە ڕێکبخات، یان جێگۆڕکێ بە وشە دەکات بە ئارەزوی خۆی و جێگۆڕکێ بە جێناوە کەسییەکان دەکات. (من) دەکات بە (تۆ) و (تۆ)ش دەکات بە (من)، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە کێشە لە تێگەیشتن دروستبکات، بۆیە منداڵی ئاسایی، ئەگەر لە تەمەنی (١٨) مانگییەوە بە پەنجە ئاماژە بە شتێکی تایبەت بکات، دەتوانێت بە هەندێک وشە گوزارشت لە داواکاریەکانی خۆی بکات. بێگومان ئەمە پەیوەندی بە چاویشیەوە هەیە، بەڵام منداڵی ئۆتیزم ئەم توانایەی نییە و گوزارشتەکانی لەگەڵ قسەکانی ناگونجێت (یوسف، 2010: 24). بەردەوام لەسەر یەک ڕێکچەی یاری دەکات و هیچ داهێنانێک لە ئەنجامدانی

هیچ کردەوەیەکدا ناکات و خەیاڵی دروستکردن و شتی تازە ناکات، هەرچەندە لە ڕوی یادگەوە، یادگەیان زۆر باشە هەر ئەوەش وای لە (کانەر) کرد بڵێت: زیرەکییەکی نائاسایی لای منداڵی ئۆتیزم بەدی دەکرێت (نصار و یونس، ۲۰۱۲: 21). هەندێک لە پسپۆڕان پێیان وایە، کە ئۆتیزم نەخۆشییەکی دەمارگیریی دەروونییە و لەگەڵ لەدایکبوونی کۆرپەلەدا دەشێت بوونی هەبێت، بەڵام بە ڕێژەیەکی زۆر کەم نەبێت تیایدا بەدیناکرێت، لە زۆربەی کاتەکاندا پێش تەمەنی سێ ساڵی واتا تەمەنی دەبێتە (۳۰) مانگ ئینجا وردە وردە نیشانەکانی بەتەواوی بە دەردەکەون (قەرەچەتانی، 2010: 127). بۆیە دەبینین زۆربەی کات توڕەدەبن بەبێ تێبینی و هۆکاری دیاریکراو، لەبەرئەوەی ئەو منداڵانە هیچ ڕێگایەکی گوزارشتکردن و دەربڕینی ناخی خۆیان نییە، لەبری ئەوە کاردانەوەیان  بۆ شتەکانی دەوروبەر بە توڕەییەوە دەبێت، ئەم توڕەبوونەش بۆ چەند کاتژمێرێک درێژ دەبێتەوە تا بەرانبەرەکەی ناچاردەکات بە داواکارییەکەی بە هەموو شێوەیەک ڕازی ببێت. هەرچی بیەوێت بۆی جێبەجێدەکات. بێگومان ئەوەش کاریگەریی زۆر خراپی لەسەر خودی منداڵەکە دەبێت و داهاتووی خراپتر دەکات و لە هەمانکاتدا و ژیانی خێزان دەشێوێنێت، بۆیە پێویستە لە کاتی توڕەبووندا هەوڵبدرێت ئارام بکرێتەوە بەدەم یاریکردنەوە سەرنجی لەسەر ئەو شتە لابدرێت، کە چاوی لەسەر داناوە و ڕق و توڕەی خۆی بۆ دەردەبڕێت.

زۆرجار دەبینرێت منداڵی ئۆتیزم لە بچوکترین شت دەترسێت، بە شەو حەزدەکات ڕوناکییەکی کزی بۆ دابگیرسێندرێت و لەبەرانبەر دەنگی بەرز  زۆر هەستیارە، لە دەنگی مۆسیقایەکی نزمیش دەترسێت، ئەگەر هاتوو ڕێژەی ئۆتیزمییەکەی نەگەیشتبێتە ڕێژەی توند، بەڵام ئەگەر ڕێژەی ئۆتیزمەکەی زۆر بێت ئەوا هەستی نائاگایی بەرز دەبێتەوە. بەبێ ترس دەچێتە ناوەندی شەقام و گوێ بە هۆڕنی ئۆتۆمبێلیش نادات، لە ئاگر و تەلی کارەباش سڵناکاتەوە لە هەموی قورستر ئەوەیە (گەر پەنجە بۆ زۆبای گەرم و تەلی کارەباش بەرێت پەند و وانەی لێ وەرناگرێت هەر دوپاتی دەکاتەوە)، (حەمەد، 2015: 137)، لەگەڵ هەمو ئەم ڕەفتارانەدا بەردەام لەشی دەلەرزێت بۆ پێش و دوا، لە کاتی دانیشتن و وەستان هەر دەسوڕێت بە دەوری خۆیدا و لەگەڵیدا گوتنەوەی چەند برگەیەکی بێ واتا دەردەبڕێت، کە بەتەواوی لێی تێناگەی  مەبەستی چییە؟! بۆ چەند جارێک لەسەریەک بێ ماندوبوون هەر دەیڵێتەوە (نەجار، 2006: 6)، هەندێک جار توڕەییەکەی وای لێدەکات ئازاری خۆی بدات و گاز لە دەستی خۆی بگرێت، یان سەری خۆی بە دیواردا بکێشێت، بەڵام زۆر گرنگە لەو کاتەدا وردە وردە ئارام بکرێتەوە و نابێت بە هیچ شێوەیەک لێدانی لەگەڵدا بەکاربهێندرێت، چونکە باری دەرونی ئاڵۆزتر دەکات و هەرچەند بەزەبر لێی بدرێت ئەو زیاتر ڕەفتارەکە دوپاتدەکاتەوە وێڕای ئەوە فێرە ترس و فۆبیا دەبێت، بۆیە دەبێت ڕەفتاری باش بکرێت و لەڕێگای ڕاهێنانی دەرونی و چاکردن و ڕاستکردنەوەی ڕەفتاری لەگەڵ ئەنجامبدرێت. لەگەڵ فێربوونی هەر ڕەفتارێکی باشیشدا پاداشت و سوپاسگوزاری بکرێت و پاداشتی بەو یارییانە بکرێت، کە ئارەزووی لێیەتی.

### 5.1: هۆکارەکانی توشبوون بە ئۆتیزم:

بەپێی لێکۆڵینەوەکان کۆمەڵێک هۆکار بۆ توشبوون بەم نەخۆشییە هەن، هۆکارەکانیش بریتیین لە:

#### 1 .5 .1: هۆکاری بایۆلۆجی:

هۆکاری سەرەکیی ئۆتیزم، بریتییە لە تێکچوونی فرمانەکانی مێشک و دەمار لەبەر بوونی گرفتی پەیوەندیی دەمارەخانەکان لەگەڵ بەشەکانی تری مێشک کە پێیان دەوترێت (Never Cell)، یان ناتەواوی لە پێکهاتەی یان ئەرکەکانی مێشک. وەک ناتەواوی لە ناوچە بەرپرسەکانی زمان و ناتەواوی ناوەندە کۆئەندامی دەمار و کەموکورتی پێکەوەبەستانی نێوان دەمارەخانەکان و بەشەکانی تری مێشک. ئەمەش کاریگەری لەسەر لاوازبوونی ترپەی دەماری لەنێوان بەشەکانی کۆئەندامی دەمار دەکەن و یەکەکانی زمان بەشێوەیەکی ئاسایی بۆ ناوچە بەرپرسەکانی زمان ناگوازرێنەوە.

### 2.5.1: هۆكاری بۆماوەیی (جینات):

بۆماوە بریتییە لە گواستنەوەی تایبەتمەندییە ئەرێنی و نەرێنییەکان لە باوانەوە بۆ وەچەکانیان، ئەمەش جەخت لەسەر ئەوەی دەکاتەوە، کە دەشێت هەر نەخۆشییەک لە پێشتر لە دایک و باوک یان کەسێکی نزیکی هەبوبێت بۆ ئەو منداڵەش بگوازرێتەوە، سەبارەت بە مرۆڤ چەندین سیفەتی بۆماوەیی هەیە، دەکەونە سەر بۆهیلەکان ئەم بۆ هیلانەش کرۆمۆسۆمەکان هەلگرتوون لە شێوەی تالی باریکدا لەنێو ناوکی خانەدا جوت جوت پێکەوە گرێدراون، لە مرۆڤدا خانەکان (23) جوت کرۆمۆسمی تێدایە، هەر جوتێک هەمان ژمارەی بۆهیلی هەلگرتووە. نوێترین توێژینەوە، کە لە زانکۆی ئۆکسفۆردا ئەنجامدراوە ئەوەیان دۆزیوەتەوە، کە لەو کرۆمۆسۆمانەی پەیوەندییان بە دواکەوتنی گەشەی مێشکەوە هەیە، هەمان کرۆمۆسۆمن، کە تێکچوونیان بەسەردا هاتووە، لەو کەسانەی کە توشی ئۆتیزم بوون، توێژەران بۆهیلێک لە بۆهیلەکانیان دەستنیشان کردووە، کە بە زمان و گوتن و ئاخاوتنەوە پەیوەستە کە هێماکەی (Fox p2)ە، کە دەکەوێتە سەر کرۆمۆسۆمی ژمارە (7) ئەم بۆهیلە لەهەر کەسێک بازدانی بەسەردابێت، ئەوا ئەو کەسە توشی تێکچوونەکانی گوتن و زمان دەبێت، توێژەران جەختیان لەسەر ئەوە کردۆتەوە، کەوا کرۆمۆسۆمی (2، 7، 16، 17) هۆکارن بۆ توشبوون بە ئۆتیزم، بەتایبەتی کرۆمۆسۆمی (7)، (یوسف، 2010: 25).

### 3.5.1: هۆكاری ژینگەیی و بەكارهێنانی دەرمان:

1. منداڵبوون بەزەحمەت و گران هاتنە دنیاوە، واتە برانی ئۆکسجین و نەرۆیشتنی ئۆکسجین بۆ مێشکی، دابڕانی ئۆکسجین ئەگەر نەیخنکێنێت لەوانەیە توشی ئۆتیزمی بکات.

2. بەکارهێنانی ڕێژەیەکی زۆری دەرمان لەلایەن دایکەوە لەکاتی دوگیانیدا.

3. تێپەڕبوونی تەمەنی دایک لەسەروی (35) ساڵ.

4. تێپەڕبوونی ماوەی دوگیانی بۆ سەروی (42) هەفتە.

5. کۆبوونەوەی مادەیەکی زۆری قورقوشم لەناو لەشی منداڵ.

6. خراپی باری ئابوری خێزان، کاریگەری هەیە لەسەر توشبوون بە ئۆتیزم، لە توێژینەوەیەک دەرکەوتووە لە کۆی (33) توشبوو، تەنها یەکیان باری ئابوری خێزانیان باشبووە، (32) توشبووەکەی تر باری ئابوری خێزانیان زۆر خراپ بووە (یوسف، 2010، 29).

7. نەبوونی ژینگەیەکی گونجاو بۆ فێربوون و بەکارهێنانی توندوتیژی لەناو خێزان و قوتابخانە و کۆمەڵگەدا (دزەیی، 2014: 122).

8. بەکارهێنانی بەردەوامی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان، قسەنەکردنی دایک و باوک لەگەڵ منداڵ بەهۆی سەرقاڵییانەوە.

### 6.1: نیشانەكانی ئۆتیزم:

منداڵی ئۆتیزم، ڕەفتار و هەڵسوکەوتی لە منداڵی ئاسایی جیاوازە، بەوەی کۆمەڵێک نیشانەی لێبەدەردەکەوێت بەتایبەتی لە تەمەنی (18 ـ 36) مانگی، وەک ئەم نیشانانەی خوارەوە:

1. منداڵی ئۆتیزم ڕادەی بیستنی جیاوازە توانای نییە ئەو شتانەی دەیان بیستێت جیایان بکاتەوە، کە واتایان چییە، لەگەڵ ئەوەشدا کێشەی زمانی هەیە و ڕادەی تێگەیشتنی بۆ هێماکانی دەوروبەری لاوازە، بۆیە وەلامدانەوەی بۆ شتەکان نادیار و بێ ئەنجامە. وەلامی بۆ هیچ دەنگێکی دەوروبەری نییە، هەرچەندە، ئەگەر گوێشی لەو دەنگانە بێت (کامل، 2005، 11).

2. لەڕوی هەست و سۆزەوە هیچ وەلامدانەوەیەکیان بۆ کەسانی دەوروبەر و خێزانەکەیان نییە، بۆیە ئارەزوی چونە باوەشی دایک و باوکیان ناکەن، کاتێک دایکی بیەوێت بە سنگی خۆیەوە بکوشێت کاردانەوەی توندی دەبێت و پاڵ بە

دایکییەوە دەنێت تا لە خۆی دوربخاتەوە (قەرەچەتانی، 2010: 46).

3. هەمیشە ئارەزوو بە گۆشەگیری دەکەن، زۆر بەکەمی لەگەڵ خەڵک تێکەڵدەبن، گرنگی بە هاوڕێیەتی و یاریکردن نادەن.

4. هەندێک جوڵەی ناسروشتی لە کاتی دانیشتندا دەکەن، وەک جوڵەی لەش بۆ پێشەوە و دواوە، یان سوڕانەوەی بەردەوام بە دەوری خۆیان، ئەمەش لە منداڵێکەوە بۆ منداڵێکی تر جیاوازە ( Khuntia, 2018:28).

5. دواکەوتنی گەشەی ڕەفتاریان، بۆیە ئەگەر تەمەنی پێنج ساڵ بێت، وەک منداڵی یەک ساڵە ڕەفتار دەکات، بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی پشت بە کەسانی دەوربەری دەبەستێت (کامل، 2005: 12).

6. منداڵی ئۆتیزم ڕەفتاری خراپ لەگەڵ خۆیدا دەکات تەنانەت هەندێک جار شوێنێکی خۆی بریندارەدەکات، یان سەری خۆی بە دیواردا دەکێشێت و دەیشکێنێت، یان جلوبەرگی خۆی دادەڕێت.

7. منداڵانی ئۆتیزم بەوە ناسراون، کە قسە ناکەن، ئەگەر قسەش بکەن بە دەنگی زۆر بەرز و ڕەق قسەدەکەن، هەندێک جار خو بە وشەیەکەوە دەگرن و دوبارەی دەکەنەوە، یان لە هەمو ژیانیان بە لاڵی دەمێننەوە.

8. منداڵی ئۆتیزم بە زەحمەت پێشبینی ڕوداو دەکەن، بۆیە خۆی ناپارێزێت لە مەترسییەکان، بۆ نمونە لەپڕ دەچێتە بەردەمی ئۆتۆمبێل بێئەوەی بترسێت.

9. خو بە شتێکەوە دەگرێت، وەک: ڕەنگێک، یان یارییەک، یان جلی بەرخۆی، بۆیە حەزناکات بیگۆڕیت.

10. کێشەی نائاگای هەیە، بێئاگایە لەو شتانەی کە خەڵک بەئاگان لێی، هەر ئەوەشە وای کردووە پەیوەندیی زمانی لەگەڵ دەوروبەری نەبێت (کامل، 2005: 40).

11. هەندێکیان بە بەردەوامی لە شتێک ڕادەمینێن، وەک (دەرگا، پەنجەرە، پانکە، گڵۆپ، ...).

12. لە کات و شوێنی نەگونجاو بێئەوەی هیچ هۆکارێک بۆ پێکەنین هەبێت پێدەکەنن.

13. ناتوانێت ئازار و ناخۆشی و هەستی خۆی بەقسە دەرببڕێت، بۆیە بەردەوام تورە و شەڕانگێزە.

14. لەگەڵ ئەمانەشدا کۆمەڵێک نیشانەی تر هەن، کە لە ئەنجامی توێژینەوەی کۆمەڵێک توێژەری بەریتانی لەوانە (جۆن مان) لە زانکۆی (لیڤەرپول) لەسەر (500) منداڵ ئەنجامی دابوو، ئەوەی سەلماند، کە درێژی پەنجەکانی ناوەڕاست بەشێوەیەکی ناسروشتی درێژترن و گەورەترن، بینی لە ناو (500) منداڵ توشبوو (49)یان ئۆتیزمی توندییان هەیە، هەروەها (23)یان ئۆتیزمی سوکییان هەیە، بەراوردیانکرد بینییان ئەوانەی ئۆتیزمی توندیان هەیە، پەنجەکانی ناوەڕاستیان لە منداڵی ئۆتیزمی سوک درێژترە (علیوات، 2007، 142).

15. نوێترین توێژینەوەی جیهانی سەبارەت بە توشبوونی ئۆتیزم زانینی پێشوەختەیە، واتە کاتێک کۆرپەلە لە سگی دایکی دایە بەهۆی پشکنین (بە ئامێری زانینی شەپۆلی سەروی دەنگی)، لە تەمەنی (12. 20) هەفتەیی بینراوە، کە قەبارەی مێشکی و سکی ئەو منداڵانە زۆر گەورەترە لە قەبارەی مێشک و سکی کۆرپەلەیەکی ئاسایی لە هەمان تەمەندا (عامر، 2008: 80).

پێوستە ئاماژە بەوەش بکەین، هیچ دوو منداڵێکی ئۆتیزم بەتەواوی لەیەکناچن، لەڕوی نیشانە و تایبەتمەندییەکانیانەوە، چونکە ئەو تاکایەتی و جیاوازی و تایبەتمەندییەی لەلای منداڵێکی ئۆتیزم هەیە، لەلای یەکێکی تر بوونی نییە، ئەمە وای کردووە، کە کۆمەڵێک نیشانەی جیاواز لە هەر منداڵێک هەبێت و لای منداڵێکی تر نەبێت. ئەم نیشانانە دەگۆڕێت بە نیشانەی تر، ئەوە دەگمەنە کەسێک هەموو نیشانەکانی هەڵگرتبێت.

### 7.1: قۆناغەكانی دەستنیشانكردنی ئۆتیزم:

نەخۆشی ئۆتیزم یەکێکە لەو نەخۆشیيانەی، کە دەستنیشانکردنی زۆر زەحمەتە، بۆیە بە ئاسانی ناتوانرێت بڕیار لەسەر ئەوە بدرێت، کە ئەو کەسە ئۆتیزمی هەیە یان نا، چونکە دەبێت بە چەند قۆناغێک دەستنیشانبکرێت، وەکو سەرەتا بەهۆی کۆمەڵێک پشکنینەوە لەلایەن پزیشکی پسپۆڕەوە بۆی دەستنیشاندەکرێت، کە ئایا ئۆتیزمی هەیە یان نا، یان بەهۆی تیشکی موگناتیسی (MRI)یەوە، یان بەهۆی نەخشەکێشی دەماغەوە (EEG)، کە هێڵکاریی کارەبایی مێشک دەکات، یان ئەوەتا دواجار بەهۆی لیژنەی پسپۆڕەوە دەستنیشان دەکرێت (حەمەد، 2015: 155). لیژنەکەش پێوستە لە پسپۆڕی دەماری، پسپۆڕی دەروونی، پسپۆڕی شارەزا لە بواری گەشەی منداڵ، پسپۆڕی ڕاهێنەری زمانی و نەخۆشییەکانی گوتن و پسپۆڕی فێرکاری پێکهاتبێت، بێگومان تاوەکو زوتر دەستنیشان بکرێت زوتر دەتوانرێت چارەسەر بکرێت، ئەگینا چەند دوابکەوێت ئەوەندە چارەسەری زەحمەت تر دەبێت.

### 8.1: جۆرەكانی ئۆتیزم:

دیاریکردنی جۆرەکانی ئۆتیزم لەسەر شێوازی هەڵسوکەوت و ڕەفتارەکانی منداڵی ئۆتیزم ڕێژە و هۆکارەکان و جۆرەکانی ئۆتیزم دیاریدەکرێت، لەبەرئەوەی ژمارەیەک نیشانە لە منداڵی ئۆتیزمدا هەن. دەرکەوتنی هەندێک لە نیشانەکان بەپێی باری توشبوون، ڕەفتاری کەسە تووشبووەکان جیاوازن، چونکە هەندێک لەو توشبووانە بەهۆی کۆمەڵێک نیشانەوەن، بەڵام هەندێکی تریان بە کۆمەڵێک نیشانەی ترەوە دەناسرێنەوە. هەرچەندە لە هەموو منداڵێکی ئۆتیزمدا چەند نیشانەیەکی هاوبەش هەن، بەڵام سەرئەنجام هەموویان لەسەر یەک پۆل دیاری ناکرێن، چونکە گرنگترین شت تیایاندا ڕێژەی توشبوونە، کە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە (حەمەد، 2015: 136)، بۆیە جۆر و ڕێگەی چارەسەرکردنیشیان جیاواز دەبێت، ئەمەش بەپێی ئەو توێژینەوانەی، کە یەکێتیی زانایان و پسپۆڕانی دەروونناسیی ئەمریکایی پێی گەیشتوون پێنج جۆریان دەستنیشانکردووە، کە ئەمانەبوون:

١- تێکچوونی ڕیت یان ڕیتز (أظطراب ريت) (Rhetts Disorder)

٢- تێکچوونی خود تەنیایی (ئۆتیزم) (Autistc Disorder)

٣- تێکچوونی ئەسپەرجەر (Asperger Disorder)

٤- تێکشکانی منداڵی (Childhood Disintegra tere Disorder)

5. تێکچوونی پێشکەوتنی گشتیی دیاری نەکراو (Pervasive hood Disintegra Disorder) (کامل، 2005: 6).

جگە لەم پێنج جۆرە لەم ساڵانەی دوایی توێژینەوەکان دوو جۆری تریشیان دیاریکرد، کە ئەمانەن،

1. تێکچوونی ولیامی سیندرۆمی (Wiiliams Sindrome)

2. داون سیندرۆم (Down’s syndrome) ، (فتحيه، 2016: 23).

لە خوارەوە بەکورتی باسی هەریەکێکیان دەکەین:

١. تێکچوونی ڕیت (Retts Disorders)

یەکێکە لە خراپترین جۆرەکانی ئۆتیزم، کە کاریگەری لەسەر مۆخ دروست دەکات و توانای وەرگرتنی زمانی نییە، ڕێژەیەک لە تێکچوونی مێشکی، یان شەلەلی مێشکی یان گەشکە (صرع) لەگەڵدا دەبێت. هەمو ئەوانەی فێری دەبێت، وەک ڕۆیشتن و هاوارکردنە لەگەڵ چەند شتێکی سادەی تر، تەنانەت هەندێک جار لە ڕۆیشتنیشی دەخات و توشی شەلەلی جولەشی دەکات، توانای پەیوەندیی کۆمەڵایەتیشی لاواز دەکات، هەندێک جار گەشکە (صرع)یشی لەگەڵدا دەبێت، ئەمەش وای لێدەکات توندوتیژییەکەی زیاد بکات. ئەم جۆرە نیشانەکانی دوای شەش مانگی یەکەم بەدیار

دەکەوێت لە (٦-١٢) مانگی یەکەم هەستی پێدەکرێت. زانایانی بۆماوەزانی ئەوەیان ڕونکردۆتەوە، کە ئەم جۆرە هۆکارەکەی پەیوەستە بە کرۆمۆسۆمی (X) (کامل، 2005: 23) تێکچوونی ڕیت تەنها توشی ڕەگەزی (مێ) دەبێت و سەرەتا گەشەیان ئاساییە، بەڵام دواتر توانای بەدەستهێنانی زمانیان بۆ ئاماژەپێکردن کەم دەبێتەوە، لەبری ئەوە هەندێک جوڵەی دووبارەی دەست لەسەریەک دووبارە دەکاتەوە، ئەوەش لەنێوان تەمەنی (١- ٤) ساڵیدا ڕوودەدات (محمد، 2003: 46).

٢- تێکچوونی خودتەنیایی (ئۆتیزم)، (Atistic Disorders):

جۆرێکە لە جۆرە بڵاوەکانی ئۆتیزم، نیشانەکانی بەوە جیادەکرێتەوە کە:

١- دواکەوتنی توانای فێربوونی قسەکردنی لەگەڵدا دەبێت.

٢- بەردەوام ئارەزوو بە تەنیایی دەکات.

٣- زۆر بەتوندی ڕووبەڕووی هەر گۆڕانکاریەک دەوەستێتەوە.

٤- بەردەوام شت دووبارە دەکاتەوە.

٥- وەڵامی هیچ دەنگێک ناداتەوە، تەنانەت دەنگە زۆر بەرزەکانیش.

٦- لە نوکتە و زمانی ئاماژە و هەستەکان تێناگات. تاکو تەمەنی (٤)ساڵی نیشانەکانی بەدیار ناکەون (حەمەد، 2015: 138).

٣- تێکچوونی ئەسپەرجەری سیندرۆمی (Syndrom Asperger Disorders):

جۆرێکە لە پلە بەرزەکانی پێوانەی ڕێژەی ئۆتیزم، بەشێوەیەکی فراوان بەکاردێت بەرانبەر بەو منداڵانەی کە توانایەکی زیرەکی بەرزیان هەیە و هیچ گیروگرفتێکیان لەسەر توانای وەرگرتنی زانیاری نییە، تەنها بێهێزی لە توانای پەیوەندیکردن و تێکەڵاوبوونی کۆمەڵایەتییان هەیە (عامر، 2008: 84)، هەروەها توانای گۆشەگیری و نەدرکاندن و هەڵسوکەوتی دووبارە لە نیشانە باوەکانی ئەم نەخۆشییەن، ئەم جۆرە زیاتر لە کوڕاندا بە دیاردەکەوێت، زۆربەی ئەو کەسانەی ئەم جۆرە ئۆتیزمەیان هەیە لە زۆربەی بوارەکانی ژیانیاندا بەرەو پێشدەچن، وەک بواری تەکنەلۆجیا، ژمێریاری، هونەری، فەلەکناسی، کیمیا، دەشێت بگەن بە پلە بەرزەکان و دەشێت ئیش و کارەکانیان بەسەرکەوتوویی ئەنجامبدەن (کامل، 2005: 17).

٤- تێکشکانی منداڵی یان تێکچوونی منداڵی گەورە (Childhood Disintegra teve Disorder):

ئەمەش جۆرێکە لە جۆرەکانی ئۆتیزم، لە زۆر خاڵدا هەمان نیشانەی جۆرەکانی تری ئۆتیزمی هەیە، بەڵام خاڵێکی گرنگ هەیە، کە تێبینی دەکرێت لە قۆناغەکانی گەشەییدا (وەکو گەشەی زمانی و پەیوەندیی توانای جوڵەیی) لەم جۆرەدا منداڵ تاکو تەمەنی (٢ -٣) ساڵ گەشەی زۆر ئاساییە. دوای ئەو تەمەنە هەست دەکەی توانای زمانی خراپ دەبێت. وردە وردە وشە لە دەستدەدات بە شێوەیەک، کە بەتەواوی هەستی پێدەکرێت، لەهەمان کاتدا توانای تێکەڵاوبوون و توانای جوڵەیشی وردە وردە بەرەو کەمبوونەوە دەڕوات، ئەم جۆرەی ئۆتیزم ڕێژەی زیرەکیشیان زۆر لاوازە و زیاتر لە کچانیشدا ڕوودەدات. لەگەڵ ئەوەی چارەسەریش وەربگرن و زۆرترین چارەسەریان بۆ دابینبکرێت، ئەوا هەر ناتوانرێت بەتەواوی چارەسەر بکرێت (منى العوشبانى - www.mayoclinic.org- diseases-conditions-down-syndrome).

٥- تێکچوونی پێشکەوتنی گشتیی دیارینەکراو (Perrasive development disorders (PDD)):

ئەم جۆرەی ئۆتیزم لە زۆربەی کاتەکاندا، لە ساڵەکانی یەکەمی منداڵدا بەدیاردەکەوێت، بەو دەناسرێتەوە، کە بەگرانی دەتوانن ئەرکەکانی خۆیان جێبەجێبکەن، پەیوەندیی چاویان لاوازە و توانای دەربڕینی هەستەکانی خۆیانیان نییە، بەڵام لە ڕووی بەکارهێنانی زمان و تێگەیشتنەوە پێشکەوتووترن لە جۆرەکانی تری ئۆتیزم. دوای تەمەنێک ئەم نیشانانە

بەدیار دەکەون، ئەم جۆرەی ئۆتیزمە بە ئۆتیزمی سوک سەیردەکرێت، هەرچەندە هەندێکیش لەوانە هەندێک جار بەپێی ئەو ژینگەیەی کە تیایدا دەژیت، دەشێت ڕێژەی ئۆتیزمەکە و بارەکەی باشتر بێت یان خراپتر بێت، چارەسەری ئەم جۆرە ئۆتیزمە لە جۆرەکانی تر قورسترە، چونکە بە ئاسانی دەستنیشان ناکرێت و نیشانەکانی نادۆزرێنەوە.

٦. تێکچوونی ولیامی سیندرۆمی (Wiiliams Sindrome):

تێکچونی دەگمەنە و دوچاری ئەو ئەندامانە دەبن، کە بەرپرسن لە گەشەی دەماری و زمانی، ئەمەش بەوە دەناسرێتەوە، کە گۆڕانێک لە ڕوخساری دەموچاو بە دەردەکەوێت، وەکو دابەزینی پردی لوت (جسر الانف)، دواکەوتنی گەشەی مێشک و بە گیروگرفتی زمانییەوە دەناڵێنن، توشی لە دەستدانی زیرەکی و نەدرکاندنی ڕستەیی دەبن، لەگەڵ ئەم نیشانانە، نەخۆش توشی نەخۆشییەکانی دڵ دەبێت، لەگەڵ بەرزبوونەوەی ماددەی سۆدیۆمی لە خوێندا، هۆکانی سەرەکیی ئەم نەخۆشییە بۆماوەییە.

٧. داون سیندرۆم (Down's syndrome):

بریتییە لەو تێکچوونەی، کە توشی مێشک و ناوچە بەرپرسەکانی زمان دەبێت، کە بەهۆی دابەشبوونی ناچۆنیەک (زیادە)، هەمو کۆرپەلەیەک کۆی کرۆمۆسۆمە وەرگیراوەکان لە دایکی (٢٣) کرۆمۆسۆم لەگەڵ (٢٣) کرۆمۆسۆمی تر لە باوکی بۆی دێت، دەبێت بە (٤٦) کرۆمۆسۆم، بەڵام لەلای منداڵی داون بریتییە لە (٤٧) کرۆمۆسۆم. لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی دواکەوتنی توانای گەشەی مێشک و جەستە و زمانەکەشی، تەنانەت کار لە شێوە و دڵیشیان دەکات، منداڵی داون سیندرۆم نیشانەکانیان زو بەدیاردەکەوێت. دەشێت پێش لەدایکبوون بزانرێت، کە ئەم منداڵە ئەم نەخۆشییەی هەیە یان نا، توانای منداڵی داون بۆ پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و تێکەڵاوبوون، لەگەڵ دەوروبەر زۆر لاوازە، تەنانەت هەندێکیان پەردەی گوێی ناوەڕاستیان نییە، توانای بیستنیان لەدەستداوە و کاری لە زمانەکەیان کردووە و ناتوانن فێری زمان بن، لە بەرانبەر ئەوەدا زمانی جەستە بۆ پەیوەندیکردنی زمانی بەکاردەهێنن. ئەو منداڵانەی کە داون سیندرۆمیان هەیە تاوەکو تەمەنی (٢- ٤) ساڵی ناتوانن بکەونە سەرپێیەکانیان و دەست بە ڕۆیشتن بکەن. پسپۆڕانی (سەنتەری دیترۆیتی ئەمریکی) (Detroit Medical Center) لە ساڵی (١٩٩٨) ئەوەیان ڕونکردۆتەوە، کە بڵاوترین و توندترین جۆری ئۆتیزم بریتییە لە داون سیندرۆم (Down Syndrome)، چونکە بۆ هەتاهەتایە لەگەڵ منداڵەکەدا دەمێنێتەوە.

## 2- تێکچوونی زمانی و چارەسەری ئۆتیزم

### 2.1: تێکچوونی زمانی:

زمان چالاکییەکی کۆمەڵایەتی و دەروونییە و تاک بەمەبەستی گەیاندن لەگەڵ کەسانی تر ئەنجامیدەدات، کە بە ئاڵۆزترین پرۆسەی دەماخ و ئۆرگانی مرۆڤ دادەنرێت، هەندێک تایبەتمەندی هەیە دەبێت لە (نێنەر) و (وەرگر)دا هەبن، تاکو ئەم پرۆسەیە بەسەرکەوتوویی بێتە کایەوە، لەوانەش توانای ئەقڵی و دەماری و ماسولکەی و کۆئەندامی دەربڕین و وەرگرتن، کەموکوڕی لە هەر یەک لەمانەدا دەبێتە هۆی گرفتی زمانی، کە لەوانەیە ببێتە هۆی تێکچوونی چەند لایەنێکی زمانیی یان بەتەواوی زمان لە دەستبدات ( دزەیی، 2014: 111).

یەکێک لە نیشانە هەرە دیارەکانی منداڵی ئۆتیزم ئەوەیە، کە گەشەی زمانی زۆر خاو و لەسەرخۆیە. هەمو توێژینەوەکان جەخت لەسەر توانا زمانییەکەی دەکەنەوە، کە چەند لاوازە، یان چەند توانای درکاندنی دەنگ و وشە و ڕستەی ناتەواوی هەیە، بەپێی توێژینەوەکان دەرکەوتووە، کە نزیکەی ٢٠%ی منداڵانی توشبوو بە ئۆتیزم لە بنەڕەتدا نازارەکین، لە ڕۆژێکدا کەمتر لە پێنج وشە دەدرکێنن (علیوات، ٢٠٠٧: ١٠)، یان زمانەکەی هەر گەشەناکات یان ئەو وشانەی، کە لەلایەن ئەو منداڵەوە یان کەسی توشبوو بە ئۆتیزم بەکاردەهێنرێن جیاوازن، هەروەها بەستنەوەی ئەم وشانە هەریەکەیان بە واتایەک، کە واتای خۆی نییە. یان هەر ناتوانن هیچ وشەیەک بدرکێنن و لەجیاتی ئەوە زمانی

ئاماژە و جەستە بەکاردەهێنن، هەروەها بەئاگایی و تێڕامانیان بۆ ماوەیەکی زۆر کورتە، یان هەر نییانە. هەندێک جار دووبارەکردنەوەی وشە فەرهەنگییەکان و وشە بیستراوەکانی گوتن و ئاخاوتنی هەمانکاتی قسەکردن یان دوای ئاخاوتن، دووبارە دەکرێنەوە (کامل، 2005: 37)، ئەم شێوازی قسەکردنە بە قسەکردن بە فۆرمەلە وەسف دەکرێت (خطاب الصیغة) واتە منداڵەکە لەناو یادگەی خۆی دەگەڕێت چۆن خەزنی کردبێت ئاوا دەیگەڕێنێتەوە و نازانێت شتی تازە دابڕێژێت (Walenski, Tager-Flusberg and Ullman, 2006: 14-16) ، بەڵام بەپێی توێژینەوەکان ئەوە ڕوون بووەتەوە، کە دووبارەکردنەوەی وشە لای منداڵی ئۆتیزم زیاتر لای ئەوانەیە، کە تا ڕادەیەک تەمەنیان گەورەیە. وەرگرتنی وشە و گوتە لای منداڵ بە ڕێگەی پێتە، ناشتوانن لە واتاو ناوەڕۆکەکانیان بگەن، واتە لە نیشانە واتاییەکان تێناگەن (خۆشناو، 2016:٢٤). هەر بۆیە منداڵی ئۆتیزم لە گوتن و ئاخاوتن زۆر لەسەرخۆیە، یان هەر توانای قسەکردنی نییە، بەتەواوی لە پەیوەندیی زمانیی دابڕاوە، یان ئەگەر توانایەکی کەمیشی هەبوو ئەوا قسەکانی زۆر نامۆن و زۆر بەکەمی لێی تێدەگەی، لەبەرئەوەی توانای درکاندنی خراپە، هەوڵدەدات پشت بە دیاردە نازمانییەکان ببەستێت بۆ داواکردنی پێداویستییەکانی، چونکە توانای ڕێکخستنی کەرەستەکانی ڕستەی نییە و توانای پەیوەندیی گوزارشتکردنی ناخی خۆی نییە، هەروەها توانای تێگەیشتنی قسەکانی دەوروبەری خۆی نییە، کە کەسانی دەروبەری دەیدرکێنن، ئەمەش هۆیەکە بۆ تێکچوونی توانای پەیوەندیکردن و خراپبوونی زمانەکەی (علیوات، 2007: 7). ئینجا ئەم پەیوەندیکردنە بەشێوەی گوتراو بێت یان نەگوتراو بێت، هەر بۆیە دایکی منداڵی ئۆتیزم وا گومان دەکات، کە منداڵەکەی کەڕولاڵ بێت.

کاتێک منداڵی ئۆتیزم فێری هەندێک وشە و هێمای زمانیی تایبەت بوو بۆ دەربڕینی هەست و پێداویستییەکانی و ئاگادارکردنەوەی دەوروبەری خۆی، بەردەوام دەبێت لەسەریان و جیهانێکی تایبەت بەخۆی دەبێت و هیچ وشەیەکی دیکە فێرنابێت، هاوکات پێداگری لەسەر ئەو وشە و هێما زمانییانەی خۆی دەکات، ئەگەر هەڵە یان بێ واتاش بن، بەردەوام بەکاریان دەهێنێت (ابو السعود، ٢٠٠٧:31). بۆیە کێشەی زمان لای منداڵی ئۆتیزم بابەتێکی فراوانە، زمان لای منداڵی ئۆتیزم لەسەر پێگەیشتنی مێشک و دەمارەخانە هەستییەکان وەستاوە، هەندێک لە توێژەرەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە کێشەی زمان لە قۆناغی سکپڕیدا دەستپێدەکات. دوای لەدایکبوون ئەم کێشەیە پەرە دەستێنێت، لێرەدا هەندێک ئاماژە هەن، کە تایبەت بە زمانی منداڵی ئۆتیزم بە تایبەتی ئەو قۆناغانەی کە پێیدا تێپەڕدەبێت دوای لەدایکبوون بۆ فێربوونی زمان. هەندێک هۆکاریش هەن کار لە زمان و گەشەکردنی زمانەکەی دەکەن، ئەویش پێکهاتەی دەماری و ئاستی زیرەکی و کەموکورتییەکانی بیستن و بینین، ڕەگەز و کاریگەریی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و هەڵچوونی تاک، کەموکورتی زمانیی و هۆکاری دەرونی کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر فێربوونی زمان و چۆنێتی قسەپێکردنی، وەک دواکەوتنی گەشەی مێشک، کە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لەبەردەم بوونی کەموکوڕییەکانی زمان لای منداڵی ئۆتیزم. دەتوانین بڵێین تێکچوونی زمانی لای منداڵانی توشبوو بە ئۆتیزم بەسەر چەند تێکچوونێک لە ئاستە جیاوازەکانی زماندا دابەشدەبێت، کە لە خوارەوە بە وردی باسیان دەکەین:

### 2 .1 .1: تێکچوون لە ئاستی دەنگسازیدا:

تێکچوونی دەنگ بریتییە لە تێکچوونی شێوازی دەربڕین و درکاندنی دەنگ و نارێکی لەرینەوەی دەنگە ژێیەکان و گۆڕینی دەنگە نەبزوێنەکان بە بزوێن و دروستبوونی هێشووە نەبزوێن و زیادکردنی دەنگی نەشیاو، کە دەبێتە هۆی تێکدانی واتای دەربڕدراوەکە، زیاتر دەنگە نەبزوێنەکان تووشی تێکچوون دەبن، لەبەرئەوەی لەکاتی درکاندنیان خولیان نارێکە، بۆیەش بە دەنگە نارێکەکان ناودەبردرێن.

زمان خۆی پەیڕەوێکی دەنگییە، بۆیە دەربڕینەکانیش لە ڕێگەی بەیەکگەیشتنی ئەو دەنگانەوە لە پێکهاتەی جوداجودادا، دەستەبەر دەبێت (فەرەج، 2012: 116)، یەکەم هەنگاو لە قۆناغەکانی قسەکردن لەلای منداڵی ئۆتیزم،

وەک هەر منداڵێکی ئاسایی سەرەتا لە هاوارکردن و گریانەوە دەستپێدەکات، بەڵام جیاوازی لەگەڵ منداڵی ئاسایی لەوەدایە بەشێک لە منداڵانی ئۆتیزم بەپێی گەشەکردنی تەمەنیان هیچ گۆڕانێک بەسەر قۆناغی هاوارکردن و گریانیاندا نایەت، واتا گەشەی زمانیان دەوەستێت. سەیر دەکەین تا تەمەنی (١٢) مانگیش هیچ دەنگێک لە دەمیان نایەتە دەرەوە و هەندێکیشیان بەهیچ شێوەیەک و بۆ هەتاهەتایە هەرگیز قسە ناکەن (ابو السعود، 2007: 61). ئەم جۆرەی ئۆتیزم هەر لە بنەڕەتدا هیچ دەنگێک نادرکێنن. لە توێژینەوەیەکدا لە ساڵی (2014)دا، کە لەلایەن (یارا قادر)ەوە لە چەندین سەنتەر و بنکەی تەندروستی و نەخۆشخانە ئەنجامدراوە، وەک ئەم سەنتەرانەی خوارەوە:

- سەنتەری (ناز)ی تایبەت بۆ منداڵی ئۆتیزم (دهۆک).
- سەنتەری ئۆتیزم لە هەولێر.
- کۆمەڵەی ئۆتیزمی لە هەولێر.
- نەخۆشخانەی ڕزگاری.
- نەخۆشخانەی کۆماری بەشی مێشک و دەمار.
- سەنتەری هاوچەرخ لە هەولێر.
- بەڕێوەبەرایەتیی چاودێری و کۆمەڵایەتی – کۆیە بەشی ئۆتیزم – پێداویستی تایبەت.
- سەنتەری هێلینا بۆ منداڵی ناکام - لە هەولێر.

ئەم توێژینەوەیە مەیدانی و لە ڕێی فۆرمەوە بووە، لە ئەنجامی وەرگرتنەوەی ئەم فۆرمە بڵاوکراوەیە، گەیشتونەتە ئەوەی، کە سەدا (55%) ئەو منداڵانەی، بەپێی ڕاپۆرتی پزیشکی هەڵگری حاڵەتی ئۆتیزمن، ئەوا زمانیان بە هیچ شێوەیەک نییە، واتە ناتوانن قسە بکەن و هیچ دەنگێک بدرکێنن، لەم توێژینەوەیەدا، ئەم فۆرمە بەسەر (100) منداڵ بڵاوکرابۆوە، لەلایەن خێزانەکانیان زانیاریی ورد و درشت وەرگیراوە، کە تیایدا گەیشتونەتە ئەو ئەنجامەی کە لە کۆی (100) منداڵ (٥٥) یان قسە ناکەن و هیچ دەنگێک نادرکێنن، لەم ڕێژەیەدا لە (45%)ییان قسە دەکەن، بەڵام لەناو ئەوانیش کێشەی دەنگ کرتان و دەنگ گۆڕکێ و دەنگ تێکەڵکردن، یان جێگۆڕکێ بە دەنگ و گۆڕینی جێناوەکان و کرتانی کەرەستە سەرەکی و ناسەرەکییەکانی ڕستە ..... هتد هەیە. ئەمەش وایان لێدەکات ئەو قسە و وشەکانی کە دەیاندرکێنن ڕون نەبن.

ئەمە جگە لەوەی منداڵی ئۆتیزم، ئەگەر هەر دەنگێک بدرکێنێت، یان توانای درکاندنی هەر دەنگێکی هەبێت ئەوا بە دەنگێکی زۆر بەرز هاوار دەکات و ئاواز دەدات بە دەنگەکان و قورسایی دەخاتە سەر ئەو دەنگانە (ابو السعود، 2007: 61). ئەوەش سەلمێنراوە، کە تێکچوونی بە ڕواڵەتی زمان هەتا ئێستاش لە نیشانە هەرە بنچینەییەکانی نەخۆشی ئۆتیزمە، لە زۆربەی کاتەکاندا بەشێوەیەکی گشتی پسپۆڕانی چارەسەرکردنی ئاخاوتن و زمان پێیان وایە ئەو منداڵانەی کە بە ڕێژەی (50% تا 60%) بەدەست ئۆتیزمەوە دەناڵێنن، زمانەکەیان لاوازە، بەڵام ئەوانەی ئۆتیزمەکەیان لەسەدا (70% تا 100%) ئەوانەن، کە بەهیچ شێوەیەک ناتوانن قسە بکەن، تەنها منگەمنگەکیان لێوەدێت و لێیان تێناگەیت، یان چەند دەنگێکی نەخوازراوی لێوەدێت، وەک: دس دس، پشک پشک، ... بۆیە لە توێژینەوەکاندا ئەوە سەلمێنراوە، کە ئەگەر توانی قسە بکات ئەوا زۆربەی گرفتەکانی تری بە ڕاهێنان پێکردن چاکدەبن و کارەکانیان لە داهاتوودا بەرەو باشبوون دەڕوات (ئارونز و جیتنس و ئەوانی تر، 2005: 14).

## 2.1 .2: تێکچوون لە ئاستی ڕێزماندا:

### 2.1 .2 1: تێکچوون لە ئاستی وشەسازیدا:

مرۆڤی ئاسایی دەتوانێت جیاوازی لەنێوان دەنگەکانی ئاخاوتن و گوتنەکاندا بکات و لێکیان بدات و لە شوێنی جیاجیادا ئەم دەنگانە دوبارە بکاتەوە بەهۆی ئۆرگانەکانی ئاخاوتنەوە، بیان دربکێنێت و لە چوارچێوەی یەکەیەکی فەرهەنگی واتادارردا کۆیان بکاتەوە، کە لە بنەڕەتدا ناوچەکانی بەرپرسی پێکهێنانی گوتن بڕۆکایە لە مێشکدا، بۆیە هەرکاتێک گرفت لە ناوچەکانی بەرپرسی زمان ڕوبدات دەبێتە هۆی تێکچوونی زمان (دزەیی، 2005: 40)، مندالّی ئۆتیزم لە بەکارهێنانی وشەکاندا، هەندێک وشە دەلّێن، کە لە پێکهاتەدا ئالّۆزن، ڕەنگە ئەمە ببێتە هۆی گریمانەی هەلّە لەبارەی وەرگرتنی تاکەکانی وشە و بە ڕێژەیەکی زۆرکەم قسە دەکەن، بە شێوازێک تێکچوون لە ئاستەکانی زمانییاندا بە دیدەکرێت، بەڕادەیەک هەندێکجار بە تەواوی کار لە وشە و دەنگ و کەرەستەکانی تری ڕستە دەکات، تا وایلێدێت بەتەواوی پێکهاتەی ڕستە دەشێوێت و واتای ڕستەکە تێکدەچێت.

کەموکورییەکانی زمان لە مندالّانی ئۆتیزمدا بەهۆی ئەو شەلّەژانە دەمارییانەوەیە، کە کاریگەری لەسەر پرۆسە ئەقلّییەکانی مێشکی مندالّە ئۆتیزمەکە کردووە، کە بەهۆیەوە مندالّەکە ناتوانێت بەباشی زانیارییەکان کۆ بکاتەوە و چارەسەریان بکات، کە زۆرجار ئەمە کاردەکاتە سەر سیستەمی ڕێزمانیی ئەو مندالّە ئۆتیزمانەی کە قسەدەکەن، زۆرجار وشەکان بەتەواوی ناتوانێت دەربڕێت یان زاراوەکان لە شوێنی خۆی بەکاربێنێت، لە هەمانکاتدا هەندێک مندالّ هەن هەر فێری قسە نابن، چونکە ئەم شلّەژانە کاردەکاتە سەر پرۆسەی یادگەی مندالّەکە، کە تایبەتە بە فێربوونی زارەکی و نازارەکی و ڕەفتارەکانی تاک. قسەکردنی مندالّی ئۆتیزم بە زۆر تایبەتمەندی جیادەکرێتەوە، کە جێگەی سەرنجە لەوانە: (قسەی دوبارە و کلیشەیی، یان چەشنەیی)، (النمطية)، بۆ نموونە هەندێک وتەی ڕۆتینی ڕۆژانە هەیە، کە زۆر دوبارەی دەکاتەوە لەوانە: (سوپاس بۆ تۆ، یان سەرچاو، بوک، ...هتد). تێکچوون لە ئاستی وشەسازییدا دەکرێت بەسەر چەند بەشێکدا دابەشیان بکەین:

### 2.1 .2 1 .أ: تێکچوون لە بەکارهێنانی جێناوەکاندا:

مندالّی ئۆتیزم گرفتی لە بەکارهێنانی جێناوەکاندا هەیە، ئەگەر هاتوو ڕێژەی ئۆتیزمەکەی نەگەیشتبێتە ئەو ئاستەی، کە بەتەواوی کار لە گوتن و ئاخاوتنی بکات ئەوا دەشێت هەندێک جار گرفتی لە بەکارهێنانی جێناوەکاندا هەبێت، ناتوانێت جێناوە کەسییە سەربەخۆکان بەسەر کەسەکانیاندا پۆلبکات، لە جیاتی (من)، (تۆ) بەکاردەهێنێت، لە جیاتی (تۆ) ئەوا (من) بەکاردەهێنێت. هەروەک چۆن دوبارەکردنەوەی وشەی بەرانبەر دەلّێنەوە، ئەمەش لەبەرئەوەی توانایەکی بەهێزیان هەیە لە دوبارەکردنەوە و لاساییکردنەوەی ئەو وشانەی کە دەیانبیستن، دەشێت زمانی ئاماژەکردن و توانای وەرگرتنیان بەهێزبکات بۆ هەندێک چەمک و کاتیگۆرییەکانی ئاخاوتنی، وەک ئامرازەکانی بەستن و جێناوە کەسییەکان (صندقلي، 2012: 14)، ئەمەش کێشەی پێچەوانەکردنەوەی جێناوەکانە، کە مندالّی ئۆتیزم بەردەوام جێناوی کەسیی یەکەمی تاک و دووەمی تاک پێچەوانە دەکەنەوە، یان خۆیان بەکەسی دووەمی تاک لە جیاتی جێناوی کەسی یەکەم بەکاردەهێنن، ئەمەش لەبەرئەوەیە هەمان جێناو، کە دەیبیستن لە کاتی قسەکردندا دوبارەی دەکەنەوە، بۆ نمونە کاتێک پرسیاری لێبکرێت، کە (تۆ نان دەخۆی؟) بەم شێوەیە وەلّام دەداتەوە: (تۆ نان دەخۆم.) یان کە شتێکی پێویست بێت، بە شێوەی پرسیار دەریدەبڕێت، یان هەمان ڕستەی بەرانبەر دوپاتدەکاتەوە: بۆ نمونە کاتێک لێی بپرسیت و بلّێیت (ئاو دەخۆیت؟) ئەویش لە وەلّامدا دەلّێت: ئاو دەخۆیت. لەبری ئەوەی بلّێت: ئاو دەخۆم. (علی، 2013: 18).

### 2.1.2.1 ب: کێشەی تێکچوونی هێمادانان و ناونان لە شتەکان:

هێمادانان لای منداڵی ئۆتیزم زۆر لاوازە و ناتوانێت ناو لە شتەکان بنێت (المغلوث، 2006: 62 ـ 64) لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانن لە واتای دەربڕاوەکان و وشەکان بگەن، تەنانەت ئەگەر زیاد لە (١٠)جار شتێکی بۆ بڵێیتەوە، کە ناوی ئەو شتە چییە و ئەمیش لەدوای قسەکەرەوە دوبارەی بکاتەوە. لەوکاتەدا وشەکان ڕونتر دەبن لای منالّی ئۆتیزم و ناوی شتەکان ئەگەر فێریش نەبێت بیانڵێت ئەوا دەزانێت ئەو شتە ناوەکەی چییە، بەڵام ئەم کردارە چەندین جار دەبێت دوبارەبکرێتەوە، واتە دەبێت پرۆسەکە درێژ و بەردەوام بێت، ئەو شتەشی پیشان بدرێت بە جۆرێک یان بە شێوازێک، کە لە بیری نەچێتەوە، لەبەرئەوەی ئەو منداڵانە بەکەمی تێگەیشتن پێناسەدەکرێن، لە واتای وشەکان و دەربڕاوەکان، کە لە دەوروبەری وەریان دەگرێت. بە شێوازێک وەسفی قسەکردنیان لەگەڵ لۆژیکی باس و خواسدا یەکناگرێتەوە، ((هەندێک لەو منداڵانەی کە ئۆتیزمیان هەیەو توانای ئەقڵی باشیان هەیە بەپێی تێپەڕبوونی کات و ڕاهێنان پێکردنیان هەست بە باشبوونیان دەکرێت، بەمەرجێک ماوەیەک لەسەری بەردەوام بێت))، (کامل، 2005: 36)، ئەمەش دەبێت بە چارەسەرێک بۆی، کە توانای زمانی و بەدەستهێنانی یەکەکانی زمان باشتردەکات، بەتایبەتی یەکە فەرهەنگییەکان، زۆرجار دایک و باوکی منداڵی ئۆتیزم دەڵێن، کە منداڵەکانیان وتە و وشەی زۆر کۆن و نامۆ و سەیر بەکاردەهێنن (ئارونز و جیتنس و ئەوانی تر، 2005: 34). بەڵام ئەمەش دیسانەوە دەشێت بەهۆی ڕاهێنان پێکردنیان گۆڕانیان بەسەردا بێت، تا تەمەنی نۆ ساڵیش ئومێدیان هەیە، کە فێری قسەکردن ببێت و قسەبکەن (علی، 2013: 84).

### 2.1.2.2: تێکچوون لە ئاستی ڕستەسازیدا:

### 2.1.2.2 أ: کێشەی تێکچوون لە ئاستی ڕستەسازی و دەربڕینی ڕستە و دەربڕاوەکاندا:

ڕستەسازی بریتییە لە تێکەڵکردنی وشە و کەرەستەکانی زمان بە یاسای زمان، بەڵام منداڵی ئۆتیزم گرفتێکی گەورەی لەگەڵ دروستکردن و خوێندنەوەی ڕستەدا هەیە، هەندێکجار بە تەواوی ناتوانێت ڕستە دروستبکات، چونکە ئەگەر بتوانێت چەند ڕستەیەکی زۆر کورت دەرببڕێت، ئەوا نیشانەی ئەوەیە ڕێژەی ئۆتیزمەکەی بەپێی پلە پێوانەییەکان لە خوار (30%)یەوەیە، ئەگینا لە سەروی ئەم ڕێژەیە، ئەگەر ڕێژەکەی لە (30% تا 65%) بێت ئەوا توانای پێکهێنانی ڕستەیان نییە و ناتوانن لەگەڵ دەوروبەرەکانیان لەسەر هیچ بابەتێک گفتوگۆ بکەن و هیچ سەرەتایەک بۆ قسەکردن برەخسێنن و ناشتوانن بزانن کۆتایی قسەکردن کەیە، ئەمەش کار لە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ دەوروبەریاندا دەکات. هۆکارەکەشی زیاتر لەبەرئەوەیە منداڵی ئۆتیزم کاتێک ڕێژەکەی لەنێوان (30 تا ٦٥) پلە بێت توانای وەرگرتنی یەکەکانی زمانی لە بنەڕەتدا نامێنێت، هەروەها توانای لاساییکردنەوەی دەنگەکانی دەوروبەری خۆی نابێت، کە زۆر گرنگن بۆ دروستکردنی یەکە فەرهەنگییەکان (Tager, 2000: 155)، چونکە یەکێک لە ڕێگاکانی دروستبوونی وشە و لێکدانی دەنگەکان و یەکگرتنی لەگەڵ یەکەیەکی تری فەرهەنگیدا، لە ڕێگای بەکارهێنانی دەنگێک یان زنجیرە دەنگێکەوە لەنێوان کەرەستەکانی ڕستەدا دەبێت و بۆ ئەوەی ئەرکێکی ڕێزمانی و واتایەکی سیمانتیکی بە ڕستە ببەخشێت. لە هەموی خراپتر توانای لاساکردنەوە و بەکارهێنانی کردار و ناو و هێماکانی ئامرازە بەرجەستەکراوەکانی دەوروبەری خۆی نییە. ئەمە جگە لەوەی ئەوە سەلمێنراوە کێشەی نائاگایی هەیە، لەو نیشانانەی تر، کە خەڵکی تر لێی بەئاگان، وەک خەڵکی ئاسایی بەئاگا نییە لە ڕوداوەکان و گوێڕایەڵ نییە لە بیستنی قسەکانی دەوروبەر و هەمیشە دەبێت بە ئاگا بهێنرێتەوە، چونکە بەئاگابوون فاکتەرێکی زۆر گرنگە بۆ پەیوەندیی زمانی لەگەڵ دەوروبەردا، بۆیە بە ڕێژەی سەدا (50%)ی ئەو منداڵانە بەتەواوی لە کۆمەڵگا دادەبڕێن و زمانەکەیان خراپتر دەبێت، ئەگەر زو چارەسەر نەکرێن تا تەمەنی (١٠) ساڵی، ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە بۆ هەتا هەتایە زمانەکەیان لە دەستبدەن (صندقلی، 2012: 12). توشبووی ئۆتیزم تەنانەت ئاماژەپێکردنی چاوەکانیشیان بەکارناهێنن، هیچ ئەرکێک ناکێشن لە هاوبەشیکردنی هەر چالاکییەک لەتەک بەکارهێنانی زمانەکەیدا لەتەک بەکارهێنانی یاساکانی ڕستە و وشە و گرێکاندا و ناوەرۆکی قسەپێکردنی قسە لەگەڵ بەرانبەرەکانیان بێ توانان (عامر، ٢٠٠٨:١١٠)، بەپێی ڕای کۆمەڵێک لە پسپۆڕان تێکچوونی

زمان لە ئاستی ڕستەسازیدا پەیوەندی بە گرانی فێربوون و وەرگرتنی زمانییەوە هەیە.

منداڵی ئۆتیزم زۆرجار لە جیاتی بەکارهێنانی ڕستەیەکی تەواو یەک وشە لە ڕسەتەکە بەکاردەهێنێت و ناتوانێت ڕونکردنەوەش لەسەر وشەکە بدات، کاتێک پرسیاریان لێ دەکەی ناتوانن وەڵامی گونجاوت بدەنەوە. هەروەها توانای دیاریکردن و گۆڕینی کاتی ڕستەیان نییە، بۆ نمونە لە ڕستەیەکی وەک: دارا (هات، هاتبوو دێت). نازانێ بەپێی کاتی پێوست ڕستەیەکیان هەڵبژێرێت. توانای بەیەکەوەبەستنی کەرەستەکانی زمانیان نییە. واتە توانای پرۆسسکردنیان نییە، چۆن کەرەستەکانی زمان وەرگرن بەهەمان شێوە دەریدەبڕنەوە و کردارەکان بەپێی کات ناناسنەوە، لەبەرئەوەی کێشەیان لە ناوچەی بەرپرسی وەرگرتن و دەربڕین لە مێشک کە (ڤێرنیکا و برۆکا)یە هەیە.

## 2 .2.2.1 ب: تێکچوون لە ڕۆنانی ڕستە و پێکهاتەی ڕێزمانی:

یەکێک لە گرفتەکانی تری منداڵی ئۆتیزم کێشەی ڕێککەوتنی بکەر و کردارە، بە دوبارەکردنەوەی هەمان ڕستە و گوتنی بەرانبەر و لاساییکردنەوەی قسەی بەرانبەر دۆخی ڕێککەوتنی نێوان بکەر و کردارە و سیمای جیاکەرەوەکانی بکەرە، کە هەندێک کات پێچەوانەی ڕێککەوتنی پێکهێنەرەکانی تری ڕستەکە دەبێت و ئالۆزییەک لە واتای سیمانتیکیی ڕستەدا بەرجەستە دەبێت (حەمەد، 2015: 15)، چونکە کات هەمان کاتی ڕودانە، گۆڕاوی ڕستەکەش بریتییە لە فۆرمی کەسەکان بەپێی ئاماژەکانی بکەرەکە قسەکانی دوبارە دەکرێتەوە، بۆیە واتای ڕستەکان و پێکهاتەی ڕستەکە ناڕێزمانی دەردەچن، لەگەڵ ئەوەشدا توانای درکاندنی ڕستەی دورودرێژیان نییە، زۆربەی ڕستەکانیان کورت و شێواون، بەهۆی تێکچوون لە ئاستی دەنگسازی و وشەسازییەوە، هەروەک لە خاڵی پێشەوە ڕونمانکردەوە.

## 2.2.1.2 پ: کێشە لە بەکارهێنانی ئامرازەکان و ناوی کاتەکان:

منداڵی ئۆتیزم ناتوانێت لە واتای ئەو شتانە تێبگات، کە ڕۆڵی ئامراز دەگێڕن بەتایبەتی هەندێک ئامرازی پرسیارکردن، لەگەڵ ئامرازەکانی پەیوەندی کە منداڵی ئۆتیزم ناتوانێت بەکاریانبهێنێت بۆ گرێدانی کەرەستەکانی ناو ڕستە لەگەڵ یەکتریدا، یان توانای تێگەیشتنی ئەو وەڵامانەی نییە، کە بە ئامرازەکانی پرسیارکردن دەستپێدەکەن، بەتایبەتی لە بەکارهێنانی ئامرازی (بۆچی) و (چۆن) مەگەر لە قۆناغی گەورەتردا، چونکە لەم قۆناغەدا وەرگرتنی زمانی هێشتا سنوردارە (ئارونز و جیتنس و ئەوانی تر، 2005: 77). جگە لەمە توانای قسەکردنی نییە لەسەر دیاریکردنی کاتەکان لە داهاتوودا، واتە توانای نییە بڵێت: بیردەکەمەوە! یان بڵێت بەم نزیکانە دیمەوە، یان لە کاتێکی نزیکدا دەگەڕێمەوە ....! توانای تێگەیشتنی ئەم جۆرە دەربڕینانەی نییە، یان ناتوانێت واتا بۆ ئەم شتانە دابنێت. تەنانەت توانای تێگەیشتنی نییە، لەسەر هیچ زانیارییەک، کە دەربارەی (کەی) و (چ) کاتێک ڕوودەدات. پرسیارکردن لەم بابەتانەدا ناڕونە لای، لێیان تێناگات لە هەمان کاتدا کاریان پێ ناکات (محمد، 2009: 85)، بۆ نمونە ئەگەر منداڵێکی ئۆتیزم پرسیار لە شتێک بکات، ئەوا وەک پێکهاتەی ڕۆنانی ڕستەکانی لە پێکهاتەی ڕۆنانی ڕستەی منداڵێکی ساوا دەچێت، کە یاساکان هێشتا فێر نەبووبێت و کەرەستەکان لە شوێنی خۆیاندا بەکارناهێنێت.

بۆ نمونە ئەگەر منداڵێکی ئاسایی تەمەن (٥ ـ ٦) ساڵان پرسیار بکات و بڵێت:

1. کوا ئاو؟
2. کوا نان؟

- بۆ کوێ دەڕۆیت؟

ئەوا لای منداڵی ئۆتیزم هیچ یەکێک لەو ئارگومێنتانەی سەرەوەی ڕستەکان، کە بەندن بە کردارەوە و مەبەستیش لێیان ئەو کەرەستە سینتاکسیانەن، کە لەلایەن کردارێکەوە داوا دەکرێن بە واتایەکی سیمانتیکی و لۆجیکیش ئەو

بەشانەی ڕستەن، کە هەواڵێک یان پرسیارێک لە بارەیانەوە بەهۆی گوزارەیەک یان کاتیگۆرییەکی تری ئاخاوتنەوە ڕادەگەیەنرێت واتایەکیان بۆی نییە، چونکە هەرگیز لێیان تێناگات (محەمەد، 2019: 45). بۆیە بەکاریان ناهێنێت و هەریەک لە ڕستەکانی سەرەوە لای منداڵی ئۆتیزم بەم شێوەیەی لێدێت:

1. ............... ئاو

2. ............... نان

3. ............... دەڕۆی

لێرەدا دەبینین بە لابردن و کرتانی ئارگومێنتەکان (کوا، کوا، بۆ کویێ) لە هەرسێ ڕستەکەدا واتای ڕستەکانی هەم لە ڕوی سیمانتیکی و لۆجیکییەوە، هەم لە ڕوی ڕێزمانیشەوە گۆڕیووە، چونکە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان دو کەرەستە یان پارچەکانی ڕستە دێتە کایەوە، کە یەکێک لەم کەرەستانە بەوی ترەوە بەندبێت، یان لەژێر دەسەڵاتی ئەو دابێت، ئەم جۆرە پەیوەندییە پەیوەندییەکی تێپەڕە لە نێوان کەرەستەکانی ڕستەدا، واتە زیاتر لە کەرەستەیەکی دەوێت و بوونی یەکێکیان بەندە بە بوونی ئەویتریانەوە، لێرەدا ئەگەر ڕونکردنەوەی زیاتر بۆ ڕستەی (سێ) بکەین دەبینین، بەلابردنی ئارگومێنتی (بۆ کوێ) لە ڕستەکەدا واتای ڕستەکەی گۆڕاوە، مەبەستمان لێی ئەوەیە کاتێک کەسێک لە شوێنی ڕەسەنی خۆی بڕوات پێی دەگوترێت:

بۆ کوێ دەڕۆیت؟

بەڵام کاتێک ئەو شوێنە هی خۆی نەبێت، تەنها پرسیار لە ڕۆیشتنی دەکرێت، نەک بۆ ڕۆیشتنی لە شوێنی دیاریکراو، یان بۆ شوێنێکی تر، بۆیە هەر کەرەستەیەکی ڕستە وەربگرین دەبێت بە کەرەستەیەکی ترەوە بەند بێت. یان هەڵواسرابێت، واتە کەرەستە نییە لەناو ڕستەدا پەیوەندیی بە کەرەستەی ترەوە نەبێت. (فەرهادی، 2009: ٢٦) بەتایبەتی لە ڕوی سیمانتیکییەوە ئامادەبوون و بوونی وشەی پرسیارەکە دیاریکردنی فرێزی ناوییەوە بکەر یان بەرکار ئاساندەکات. ئەو شوێنە ڕۆنانییەی کە وشەی پرسیارەکەی تێدایە ناوەندە یان چەقە قورساییەک دەخاتە سەر ئەرکی واتایی ڕستەکان (محمد، 2009: 252)، کە لای ئەو منداڵانە ناتوانرێت شوێنی ئەم ئامرازانە بدۆزرێتەوە و دەستنیشان بکرێن و واتاکانیان لێکبدرێنەوە.

## 2. 3.2.1: تێکچوون لە ئاستی واتاسازیدا:

تێکچوون لە ئاستی واتاسازیدا بە ئاشکرا دەردەکەوێت، چونکە زۆربەی ئاستەکان تێکچوونیان تێدا ڕودەدات، هەر بۆیەش واتای ئەو وشە و ڕستانەی کە دەریدەبڕن دەشێوێن و تێکدەچن و واتاکانیان ڕون نییە و بەئاشکرا لێیان تێناگەین، واتە وشە و ڕستەکان کاتێک واتادار دەبن، ئەگەر بەتەواوی بدرکێندرێن، بەڵام ئەم تەواو درکاندنە لە زۆربەی منداڵانی ئۆتیزم بەدی ناکرێت، هەر بۆیەش دەربڕینەکانیان بێ واتا دێنە بەرگوێ. لە ڕوی واتای پراگماتیکیشەوە ناتوانن لێکدانەوەی واتایی بۆ دەربڕینەکان بکەن، هەروەک (تاگەر) دەڵێت: ((توشبووی ئۆتیزم توانای لێکدانەوەی واتاییان بۆ هەندێک دەربڕینی زمانی وەک: (میتافۆر، ئیدیەم و نوکتە و گاڵتەوگەپ) نییە، واتە لە ڕوی واتای پراگماتیکییەوە هەژارن))، (Tager, 2000:124).

## 2.2: چارەسەرکردنی ئۆتیزم:

زمانەوانیی کلینیکی، زانستێکە لە چارەسەرکردنی کەموکورتییەکانی گوتن دەکۆڵێتەوە، لە ڕێگای سود وەرگرتن، لە زانستی پزیشکی و زانستی زمان. واتە چۆن ئەم دو زانستە بەیەکەوە هەوڵدەدەن بۆ چارەسەرکردنی کەم و کورتییەکانی گوتن، یان نەخۆشییەکانی گوتن (سەعید، 2011: 23). ئۆتیزم حاڵەتێکە هەندێک لە پسپۆڕان بە نەخۆشی ناوی دەبەن، کە چاکبوونەوەی زۆر ئەستەمە، بەڵام هەندێکی تر بە حاڵەت لە قەڵەمی دەدەن، کە بەهۆی کۆمەڵێک

هۆکارەوە توشی دەبێت و بە لابردنی هەندێک لەو هۆکارانە و وەرگرتنی چارەسەری پێویست بەرەو باشبوون دەچێت، لەگەڵ ئەوەشدا بەپێی زۆربەی سەرچاوەکان چارەسەری تەواوی بۆ نەدۆزراوەتەوە و چارەسەری نییە. ئەوەی کە دەتوانرێت بۆی بکرێت تەنها کۆمەڵێک هەوڵ و ڕاهێنانە، کە دەشێت باری تێکچوونی قسەکردن و ڕەفتاری بەرەو باشبوون ببات، ئەمەش بەپێی ڕێژەی ئۆتیزمەکە و جۆری ئۆتیزمەکە دەگۆڕێت، هەوڵەکانیش بریتیین لە:

### 2.2 .1: چارەسەری پزیشکی:

**چارەسەری پزیشکیش دو جۆرە:**

### 2.2 .1 .أ: دەرمانی پزیشکی:

زۆربەی سەرچاوەکان پێیان وایە تا ئێستا هیچ چارەسەرێکی تەواو بۆ ئۆتیزم نەدۆزراوەتەوە، ئەو چارەسەرانەی کە هەن، هەندێک دەرمانن بەکاردەهێنرێن بۆ باشتربوونی پەیوەندییە زمانییەکان و کەمکردنەوەی هەڵچونەکانیان و کەمکردنەوەی ڕەفتاری توندوتیژی، کەمکردنەوەی ماددەی (گلۆتین و کازین) کە لە جەستەی منداڵی ئۆتیزمدا زۆرن، کەمکردنەوەی دەبێتە هۆی باشبوونی ڕەفتار و باری دەرونی و زمانی کەسی توشبوو.

### 2.2 .1 .ب: چارەسەر بە ژوری ئامێری ئۆکسجینی پەستێنراو:

ئەم چارەسەرە بریتییە لە چارەسەر بە ئۆکسجینی پەستێنراو، منداڵی توشبوو بە ئۆتیزم ڕۆژانە دوجار بۆ ماوەی چەند خولەکێک دەخرێتە ناو ئامێرەکە، کە ڕێژەی ئۆکسجین لە ناو ئامێرەکە زۆر زیاترە بە بەراورد بە ژورێکی ئاسایی. بینراوە دوایی دانانی ئەو منداڵە لە ناو ئەو ئامێرە باری تێکچوونی زمانیی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان زۆر باشتر دەبێت، چونکە بە ئاسانی ئۆکسجین دەگاتە ناوخانەکانی لەش، ئەم ئامێرە بۆ یەکەمجار لە فلۆریدا بەکارهێنراوە (حەمەد، 2015: 191).

### 2.2.2: چارەسەری زمانیی و گوتن:

ئەم چارەسەرە تەواوکەری چارەسەری پزیشکییە، بریتییە لە مەشق و ڕاهێنانی نەخۆش لە ڕێگای خاوبوونەوە و ڕاهێنانی جولەی لێوی بۆ فێربوونی قسە، ئەم چارەسەرە بەشێوەی پلیکانەییە، واتە لە ئاسانەوە بۆ قورسە (دەنگ، برگە، وشە، ڕستە...) لەلایەن کەسی پسپۆڕەوە ڕاهێنانیان پێدەکرێت، بە بەکارهێنانی چەند پرۆگرامێک لەوانە (پێکس، ئەی بی ئەی، لۆڤاس...)، (ئارونز و جیتنس و ئەوانی تر، 2005: 13).

### 3.2.2: چارەسەری دەرونیی و کۆمەڵایەتیی و ژینگەیی:

ئامانج لێی چارەسەری کێشە دەرونییەکانی منداڵە، وەک ترس و دڵەڕاوکێ و تەنگەژەی دەرونی، تاوەکو کاریگەری هەڵچوون و ئاڵۆزی دەرونی لای منداڵ کەم بکرێتەوە، هەڵچوون و کێشەی زمانیی کەمتر دەبێتەوە (دزەیی، 2014، 124)، هەروەها تێکەڵکردنی منداڵ و بەشداری پێکردنیان لە چالاکیی کۆمەڵایەتی و وەرزشی و هونەری تا تێکەڵاوی لەگەڵ کۆمەڵدا پەیدا بکات، هەروەها فەراهەمکردنی ژینگەیەکی لەبار بۆ فێربوون و گەشەی زمان (محمد، 2008: 66).

## ئەنجام

ئەم ئەنجامانەی لەم توێژینەوەیەدا پێی گەیشتوین بریتین لە:

1 . بەپێی ئەم توێژینەوەیە، توشبووانی ئۆتیزم تێکچوونی زمانییان، تەنها لەیەک ئاستی زمان نییە، بەڵکو لە هەموو ئاستەکانی زمان ڕوودەدات.

2. بەپێی ئەم توێژینەوەیە تێکچوون لە ئاستی دەنگسازیدا لە هەموو ئاستاکانی تر زیاترە، دواتر ئاستی وشەسازی، ئینجا ڕستەسازی دێت.

3. ئەگەر ئۆتیزمەکە سوک بێت، تێکچوونی زمانیی لە ئاستی ڕستەسازیش بەدی دەکرێت، بەتایبەتی کێشەی ڕێککەوتنی بکەر و کردار، بە دوبارەکردنەوەی هەمان ڕستە.

4 ـ زۆر بەکەمی توانای دەربڕینی ڕستەیان هەیە، ئەو ڕستانەی کە دەریشی دەبڕن سادە و شێواون، ناتوانن ڕستەی ناسادە دەرببڕن.

5 ـ چارەسەرکردنی ئەم حاڵەتە ئەگەر ڕێژەکەی کەمبێت، ئەوا دەتوانرێت سود لە زانستی پزیشکی و زانستی زمانی و دەرونی و کۆمەڵایەتییەوە وەرگرین، بەڵام ئەگەر جۆری ئۆتیزمە توندەکە بێت، ئەوا چارەسەری زەحمەتە.

6. بەزۆری توشبووی ئۆتیزم پەیوەندییان نازارەکییە، واتە زمانی ئاماژە زیاتر لە زمانی گوتن بەکاردەهێنن.

## ـ لیستی سەرچاوەکان

### أ. بە زمانی کوردی:


ـ ئارونز، مورین، جیتنس، تیتا، علی، احمد و عومەر، میدیا (2005) تەندروستی منداڵ و خێزان (ئۆتیزم)، چاپخانەی تەوار، سلێمانی.

ـ حەمەد، یارا قادر و قادر، ڕەحمان علی (2013) کاریگەری ئۆتیزم لەسەر زمان و پەروەردە و چارەسەرکردنی ئەم نەخۆشییە، بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

ـ حەمەد، یارا قادر (2015) گیروگرفت و نەخۆشییەکانی گوتن و چارەسەرکردنیان، ڕێکخراوی هوما، هەولێر.

ـ خۆشناو، نەریمان عەبدوڵڵا (2016) زمانەوانی کارەکی، بەرگی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

ـ دزەیی، عبدولواحید موشیر (2005) ڕەهەندی دەرونی لەبواری ڕاگەیاندندا، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

ـ دزەیی، عبدولواحید موشیر (2014) زمانەوانی دەرونی، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

ـ سەعید، یوسف شەریف (2011) زمانەوانی، چاخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

ـ فەرهادی، ساجیدە عبدوڵڵا (2009) ڕێزمانی بەندێتی و هەندێ لایەنی ڕستەی کوردی، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

ـ فەرەج، هۆگر محمد (2012) چەردەیەک لە دەنگ، مۆرفیم و جودایسازی لەنێوان کرمانجی باکور ـ ناوەڕاستدا، توێژینەوەکانی کۆنفرانسی زانستی زمانی کوردی 19 ـ 22ی ئەیللی 2011، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

ـ قەرەچەتانی، کەریم شەریف (2010) نەخۆشی و گرفتە دەرونی و کۆمەڵایەتییەکان، چاپی دووەم، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی.

ـ محەمەد، دانا تەحسین (2008) نەخۆشی زمانگرتن لەنێو منداڵانی کورددا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

ـ محەمەد، حاتەم ولیا (2009) پەیوەندییە ڕۆنانییەکانی نواندنە سینتاکسییەکان، چاپخانەی خانی، دهۆک.

ـ محەمەد، هاژە تەها (2024) کارایی بەرنامەیەکی ڕەفتاری پێشنیازکراو لەسەر پەرەپێدانی کارامەیی ڕەفتاری خۆگونجێنەر لای منداڵی ئۆتیزم لە تەمەنی قوتابخانەی بنەڕەتیدا، تێزی دکتۆرا، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کۆیە.


### ب ـ بە زمانی عەرەبی:


. أبو السعود، نادیه ابراهيم (2007) الطفل التوحدی في الاسره، مؤسسه حورس الدوليه.

. المغلوث، فهد حمد احمد (2006) التوحد كيف تفهمه ونتعامل معه، مؤسسه خالد الغيريه، الرياض.

. سهيل، تامر فرح (2015) التوحيد (تعريف..الاسباب..التشخيص و العلاج)، دار الاعصار للنشر و التوزيع، عمان، ط 1.

. صندقلی، هناء ابراهيم (2012) التوحد، دار النهضه العربيه، بيروت، لبنان.

ـ شكشك، أنس (2010) الذاكره، أنواعها وقدراتها، مهاراتها، الطبعه الاولى ، كتابنا للنشر، لبنان المنصوريه.

. عليوات، محمد عدنان (2007) الاطفال التوحديون، دار اليازورى العلميه للنشر والتوزيع، عمان، الاردن.

. عامر، طارق (2008) امراض الكلام، دار النهضه، بيروت، لبنان.

. غانم، محمد حسن (2006) النمو العقلى لدى الطفل، المكتبه المصريه للطباعه والنشر، الاسكندريه، مصر.

. فهمى، مصطفى (1975) امراض الكلام (في علم النفس)، المنصوره، مصر.

. فتحيه، طاس (2016) فعالية برنامج تحليل السلوك التطبيقى ABA فى تنمية المهارات الاجتماعية لدى الاطفال التوحديين، جامعة البويره، كلية العلوم الاجتماعية و الانسانية ، قسم العلوم الاجتماعى.

. كامل، محمد على (2005) التعضل المبكر ومواهجه اضطرابات التوحد، ابن سينا، القاهره.

. محمد، عادل عبدالله (2003) جداول النشاط المصوره الاطفال التوحديين، ط2، دار ارشاد، القاهره.

. منى العوشبانى – (www.mayoclinic.org–diseases–conditions–down–syndrome).

. نصار ، كرستين و يونس، جانيت (2012) علم النفس العام، شركه مطبوعات والتوضيع، بيروت، لبنان.

. يوسف، عبدوالواحيد (2010) سايكولوجيه التوحد (الاوتيزم الطفل التوحدى)، المنصوره، مصر .

**پ ـ به زمانی ئینگلیزی:**

-Hodges, Holly, Fealko, Casey and Neelkamal Soares (2019) Autism spectrum disorder: definition, epidemiology, causes, and clinical evaluation, Department of Pediatric and Adolescent Medicine, Western Michigan University Homer Stryker MD.

-Khuntia, Adyasha (2018). Identification of Neural Markers for Autism Spectrum Disorder (Doctoral dissertation, Indian Institute of Science Education and Research Kolkata.(

-Tager, Flusberg, (2000) Language and Understanding Minds: Connections in Autism, in Understanding Other Minds, 2nd, Oxford University Press Inc., New York.

-Walenski, Matthew, Tager-Flusberg, Helen, Ullman, Michael (2006). Language in Autism. In Steven O. Moldin and John L.R. Rubenstein (eds), Understanding Autism: From Basic Neuroscience to Treatment (pp 175-204). Boca Raton, FL: CRC Press.

-ziad Al- Adwan, Fatimah and Ali, Emad Mohammad (2019) Autism Spectrum Disorder (ASD); Symptoms, Causes, Diagnosis, Intervention, and Counseling Needs of the Families in Jordan, Educational Sciences Faculty, The University of Jordan, Amman, Jordan.

**التوحد والاضطرابات اللغوية على مستويات اللغة و علاج التوحد**

**بژدار سليمان عبدالمناف/** قسم اللغة الكردية .كلية التربية – جامعة كويه
bazhdar.sulaiman@koyauniversity.org
**شادان شكر سابر/** قسم اللغة الكردية .كلية التربية – جامعة كويه
shadan.shukr@koyauniversity.org

**ملخّص**

البحث بعنوان (التوحّد والاضطرابات اللغوية على مستويات اللغة و علاج التوحيد)، ويرجع سبب اختيار هذا الموضوع إلى أنّ المرض منتشر بشكل ملحوظ في العالم وعدد حالاته في تزايد مستمرّ، ولذلك ينبغي أن تحظى هذه الموضوعات بأكبر قدر ممكن من الاهتمام والبحث، كما أنه يعدّ من الأمراض التي تؤثر سلبًا وبشكل واضح على اللغة. وأنّ أحد أعراضه الأكثر شيوعًا هي فقدان النطق أو ضعف اللغة، اعتمادًا على شدّة التوحّد ونوعه.

ونحاول عن طريق هذه الدراسة عرض هذا الموضوع والتعرّف على الاضطرابات اللغوية في المستويات اللغوية المختلفة وتحديدها، وقد حاول هذا البحث تحديد هذه المسألة وعرضها على وفق المنهج الوصفي التحليلي، معتمدًا على اقتباس أمثلة عديدة وتحليلها.

ومن أهمّ النتائج التي توصّلت إليها الدراسة ما يلي: إذا كان نوع التوحّد – بحسب هذه الدراسة – ليس شديدًا فإنّ المصاب آنذاك يصدر بعض الأصوات والألفاظ الغريبة والتي لا نفهم معانيها أحيانًا، أي ستُفسَد لغته، ومعظم تعبيراته ستكون غير مشابهة لتعبيرات الناس العاديين، أمّا إذا كان نوع التوحّد شديدًا، فإنّ الشخص لا يستطيع التحدّث على الإطلاق، بل يعتمد بشكل أكبر على لغة الإشارة ولغة الجسد لتلبية طلباته. كما أنّ مرضى التوحّد لا يعانون من ضعف لغوي في مستوى واحد من اللغة، ولكن حسب نوع المرض وشدّته يحدث ضعف للغة على جميع مستوياتها.

**الكلمات المفتاحية:** التوحّد، أعراض التوحّد، أنواع التوحّد، اضطرابات اللغة، اضطرابات اللغة في المستويات اللغوية.

**Autism and Language Disorders at Different Language Proficiency Levels and Treatment of Autism**

**Bazhdar Sleman Abdulmanaf /** Kurdish Department - Faculty of Education / Koya University
bazhdar.sulaiman@koyauniversity.org
**Shadan Shukr Sabir**/ Kurdish Department - Faculty of Education / Koya University
shadan.shukr@koyauniversity.org

**Abstract**
The study is entitled "Autism and Language Disorders at Different Language Proficiency Levels and treatment of Autism" The choice of this research topic is driven by the global prevalence and rising incidence of autism spectrum disorders. Consequently, it merits extensive attention and investigation. Moreover, it is important to note that autism is among the conditions that impair language abilities. One of the prevailing symptoms is the loss of speech or impairment of language, which varies based on the severity and type of autism.

In this study, our objective is to address this issue by identifying language disorders at various levels of language. This research has attempted to identify and present this issue using the descriptive analytical method, relying on the quotation and analysis of several examples.

According to this study, if the type of autism is not severe, then the individual produces some strange sounds and words, which we sometimes do not understand their meanings. In other words, their language is distorted and their expressions do not look like those of ordinary people. However, if the type of autism is severe, the person cannot speak at all but relies more on non-verbal cues, sign and body languages to communicate their needs. Additionally, it is important to note that language impairment in individuals with autism is not limited to a specific level of language; instead, it depends on the type and severity of the condition, and language impairment occurs at all levels of language.

**Keywords**: Autism, symptoms of Autism, types of Autism, language disorders, language disorders at different language levels.